# ژینگە هەم پرس هەم قەیران

**مێزگرد: ئاگری ئیسماعیل نژاد**

پرسی ژینگە و گرینگیی ژیان لە ژینگەی خاوێن و سەقامگیردا، پرسێکی لەمێژینەوەی کۆمەڵگای کوردی نییە، بەڵام لەگەڵ کەم تەمەن بوونیشی، ئەو پرسە پرسێکی گشتگیری کۆمەڵگای کوردستانە و ئێستا ڕۆژانە تاکی کورد لە ژیانی و لە ڕاگەیاندندا تووشی بابەت، هەواڵ و قەیرانی پەیوەندیدار بە ژینگەوە دێت و هاوکات لەگەڵ ئەوە دەکرێ بڵێین ئێمە لە کوردستان بزوتنەوەیەکی ژینگەپارێزی یان بزوتنەوەیەکی کەسکمان هەیە. لە یەکەم مێزگردی گۆڤاری تیشک وەک خانەخوێ، میوانداریی بەڕێزان دوکتور باقر فەرەنگیس، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، دوکتور مەنسوور سۆهرابی و کاک سەلاح نادریمان کرد و لەو وتوویژە تێروتەسەلەدا هەوڵمان داوە کە ژینگە وەک پرس و وەک قەیران لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە تاوتوێ بکەین و هەر بۆیەش لەو مێزگردەدا چوارمیوانمان هەبوو کە پسپۆریی جیاوازیان بوو، ڕوونە هۆکاری ئەو شێوە بانگهێشتە دەگەڕێتەوە بۆ گرینگیی پرسی ژینگە و تایبەتمەندیی ئەو پرسە کە ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێت و بە کورتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگا سەرێکی هەموو ڕەهەندەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە؛ بەتایبەت، ئەگەر ژینگە لە قۆناغی قەیران یان تەنانەت هەرەقەیراندا بێت.

بەر لە کۆتایی پێویستە دوو بابەت بۆ خوێنەری ئەو مێزگردە ڕوون بکەمەوە: یەکەم: بەر لە وتوێژەکە بەرانبەر بە «توسعە پایدار» زاراوەی گەشەی درێژخایەنم دانابوو، بەڵام پاش وتوێژەکە و تاوتوێکردنی لەگەڵ چەند پسپۆری جیاواز، ئەو زاراوەیەم بەباش نەزانی و زاراوەکەم گۆڕی بۆ «گەشەی سەقامگیر». دووهەم: مێزگردی گۆڤاری تیشک لە ژمارەکانی تریش درێژەی دەبێت و لە هەر ژمارەیەکدا بابەتێکی تایبەت بەو ژمارەیە بە شێوەی مێزگرد لەلایان چەند پسۆری ئەو بوارەدا تاوتوێ دەکەین.

*دوکتور حەسەن‌زادە پێم خۆشە میزگردەکە لە بەرێزتانەوە دەست پێ بکەم، دوکتور باقر فەرەنگیس لەو باوەڕەدایە کە ئێستا ژینگە لە پرسی پاکوخاوێنی یان پرسی چین و توێژێکی خواپێداوی کۆمەڵگا تێپەڕیوە و بووە بە پرسێکی گشتی لەنێو کۆمەڵگای جیهانیدا و بەتایبەتی لە ناوچەی خۆمان هەم لە کوردستان و ئێران و هەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بۆ ئەوە کە ئێمە بتوانین ژینگە بکەین بە پرسێک کە بێتە نێو ڕۆژەڤی ژیانی خەڵکەوە بەتایبەتی لە کوردستان چ ڕێگایەک دەتوانین بگرینە بەر و ئایا ئێوە ڕوانگەی کاک دوکتور باقرتان قبووڵە کە دەڵێ پێویستە پرسی ژینگە بکرێتە پرسی هەموو کۆمەڵگا یان تێبینیتان لەسەری هەیە؟*



بەڵێ، بێگومان قبووڵمە. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە پرسی ژینگە وەک زۆر لە پرسە ستراتێژییەکانی بوونمانی نەتەوەیی خۆمان بکەینە پرسی هەموو کۆمەڵگا. بۆ ئەوەش لەو باوەڕەدام کە دەبێ سیاسەتی ژینگە بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی سیاسی پێناسە بکەین و بەپێچەوانەی بۆچوونێکی باو تەنانەت مەسەلەی ژینگە بە سیاسی بکەین، بە مانا نەتەوەییەکەی، بە مانای ئاسایشی نیشتمانی. چونکە لە بنەڕەتڕا دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان بەتایبەتی ئێران وایان کردووە کە ڕەهەندێکی سیاسیی بەهێز بەسەر بابەتەکەدا زاڵ بێ. لە دنیای پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا زۆربەی پرسەکان پێک دەگەنەوە. پرسی ژینگەیش تەنانەت وەک دیسیپلینی زانستیی بوارێکی «ئینتردیسیپلینێری» یان نێوان-ڕشتەییە واتە چەندین بواری ئەکادیمی پێیدا تێدەپەڕن یان دەبێتە خاڵی چڕبوونەوەی چەندین ڕەهەندی کارناسی. بۆ گەلی کوردیش وەک بۆ هەموو ئەو گەلانەی هەڕەشەیان لەسەرە و هۆگری و پێوەندییەکی چڕوپڕیان بە خاک و سروشتی خۆیانەوە هەیە، بابەتی ژینگە بابەتێکی ناسنامەیی و شوناسخوازانەیە. لەخۆڕا نییە ژینگەپارێزانی ئێمە وەک چالاکی مەدەنی و سیاسی چاو لێ دەکرێن، و کاتێک گیانیان دەبەخشن، بە شەهیدانی ژینگە ناودێر دەکرێن و لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وەک قارەمانی نەتەوەیی ڕێزیان لێ دەگیرێ. دەشزانین کە ئەو زەرەر و زیانانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ژینگەی ئێمە گەیەنراوە (بۆ نموونە سووتماکی دارستانەکان، یان گلدانەوە و بەلاڕێدابردنی ئاوەکانی کوردستان) لە کۆنتێکستێکی ئەمنیەتی و بە دید و نیەتێکی سیاسی و بەئەنقەست لە لایەن دەوڵەتی حاکمەوە پلانی بۆ دارێژراوە.

ئێستا ئێمە دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی بابەتی ژینگە بەرینە نێو کۆمەڵگا و بیکەینە خەمی هەموو کۆمەڵگا، پێش هەموو شتێک ئەمن پێم وایە پێویستە ژینگەی خۆمان باشتر بناسین. ئێمە زانیاریمان لەسەر جوغرافیا و کۆمەڵگای خۆمان کەمە یا لانیکەم بەڕۆژ نیە. ئەو ئامار و داتایانەی دوکتور باقر و دوکتور مەنسوور هەیانە، زۆربەی بژاردەکانی ئێمە لێی ئاگادار نین. پاشان لەو باوەڕەدام کە دەبێ ژینگە لە گوتاری گەورەی سیاسیی خۆماندا جێ بکەینەوە. لەو شوێنەدا کە ئێمە دەبێ یەکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەیەکی گوتاری بکەین کە بەو جۆرەی ئەمن لەو دەورە نوێیەی گۆڤاری تیشکیشدا هەستی پێدەکەم و بۆخۆشم باوەڕم پێی هەیە، پێویستە گوتاری نوێ گوتارێکی کوردیی زیاتر قائیم بە زات و باوەڕ بەخۆی لە جەوهەردا دژە داگیرکاری و ڕزگاریخوازانە بێ (ئێستا لەڕووی چەمکی حقووقی و فۆرموولی سیاسییەوە ئەوە چۆن ڕێک دەخەین بابەتێکی دیکەیە)، پێویستە بابەتی ژینگە وەک یەکێک لە ئێلێمنتەکانی ئەو پێداچوونەوە گوتارییە بەکار ببەین. بەداخەوە لەنێو پارتە سیاسییەکانی ئێمەدا

ئــەو بابەتە یان هیچ گرینگیـــی پێ نەدراوە و نەبۆتە گوتارێکی هەمیشـــە حازر و گشـــتگیر، یان ئەوەنـــدەی گرینگیی پـــێ دراوە زۆربەی کات گوتاری بچووکی ژینگـــە بووە و گوتاری ژینگە بە واتـــا گەورەکەی نەبـــووە. بۆ نموونە ئەو ئەخلاقی ژینگەیەی بۆ کاک مەنســـووری ســـۆهرابی هێندە گرینگە و لە شـــوێنان باسی دەکا، لەوەدا کورت دەکەینەوە کە وەبیر خەڵک بێنینەوە کە پێویســـتە ئاگایان لە دارستانەکان و پاکڕاگرتنی سروشـــت بێ. ئەوە بێگومان زۆر گرینگ و بنەڕەتییە، بەڵام ئێمە دەبێ بزانین کە دەسەڵات لە ئێران وەک زۆر بواری دیکە بابەتی ژینگەشـــی بۆ ئەوە بەکاربردووە کە گەلەکەمان بەشـــێوەی ســـتراتێژی بـــە گەمـــارۆدراوی و وابەســـتەیی بهێڵێتەوە. دەبێ بزانین سیاسەت بەرهەمی باڵانســـی هێـــز لە بنیاتـــەکان و لە ژێرخانەدایـــە، بـــۆ نموونـــە پاراســـتنی زمان و فەرهەنگ، کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان، قورســـایی و ئیمتدادی دێمۆگرافی، گەشـــەی پیشەسازی و ئابووری، کەیفیەتی هێزی مرۆیی و دەروەستیی بژاردەکان... هتد.

مەسەلەی کورد لە ئێران تەنیا بە دروشمی سیاســـی و فۆرموولـــی گـــەورە ناچێتە پێش. دروشـــم و فۆرموولەکان دەبێ خورد بکرێنەوە و بکرێنە کەرەســـتەی خەباتـــی ڕۆژ بە ڕۆژی خەڵک و حیزبەکان. لێرەدایە کە بابەتی ژینگە دەتوانێ هەم لە ئاســـتی کەلان و ستراتێژیکدا و هەم لە ئاســـتی تەرجومەکردنەوە بۆ خەباتی بەکردەوە لەســـەر ئەرزی واقیع کارســـاز بێ. بەداخەوە ســـاڵانێکە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە نـــەک هـــەر لەســـەر مەســـایلی ئیدئۆلۆژی و وێکهەڵکـــردن، بەڵکوو لەســـەر ئەولەوییەت و پێوەندیی نێوان شـــێواز وئامانجەکانی خەبات و جێگـــە و پێگەی هەرکام لە بەســـتێنەکانی شۆڕشـــگێڕی و مەدەنی ناوبەنـــاو لەنێو خۆیدا تووشـــی ناڵێکی و دڕدۆنگی دەبێ. ئەمن داوای ســـەنتێز دەکەم. بابەتی ژینگـــەش یەکێک لە باشـــترین و کاراترین بوارەکانی دروستکردنی ئەم سەنتێز و ئاشتەواییە هزری و گوتارییەیە. ئێمە ناتوانین باســـی ژینگەپارێزی لە هەردوو ڕەهەنـــدی چکۆلـــە و گەورەیـــدا بکەین بەبێ ئەوەی قووەت بە بنیاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ببەخشینەوە. کاتێکیش کۆمەڵگای مەدەنیمان بۆ گرینگ بوو ئەوەدەمی خودبەخود ناچار دەبین خەبات لە چوارچێـــوەی گوتارێکی هەمەلاگیر و فرەڕەهەنـــددا ڕێـــک خەینەوە کـــە هەموو جوغرافیاکانـــی خەبات پێکەوە ببەســـتێتەوە، حیزبـــەکان زیاتر بە کۆمەڵگا وەســـڵ بکاتەوە و هەمـــوو چین و توێـــژ و تاکەکان بە جۆرێک هەســـتیار و ئەرکـــدار بکا کە بەڕاســـتی ببنە پارتنێر و هاوبەشـــی خەباتی سیاسی. کەوابوو بەڵـــێ ئەوە زەروورەتێکە کە ئێمە بابەتی ژینگە بکەینە بابەتی بنەڕەتی و گشتگیری کۆمەڵگای سیاسیمان.

مەســـەلەیەکی دیکە کە دەمـــەوێ لێرەدا ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکانی ئێمە هەمیشـــە پێیان وا بووە کە بابەتی ژینگە کاری دواڕۆژە و هەتا کوردســـتان ڕزگار نەبێ، پێویســـت ناکا یا ناتوانین کاری لەسەر بکەین. نزیک بـــە چوار دەهەیە کـــە بابەتی ژینگە لە بەرنامـــەی حیزبی دێموکرات بـــۆ حکوومەتی خودموختار (ئێســـتا فیدراڵ)ی کوردســـتاندا جـــێ کراوەتـــەوە کەچی هێشـــتا نەچۆتە نێو گوتاری سیاســـیی کەلانمان. هەم لەبەر ئەوەی ژینگـــەی ئێمە هەر ئێســـتا لەژێر مەترســـیی قەرەبوونەکراوادایە و هەم لەبەر قابلییەتی بواری ژینگە بۆ بە جەماوەری کردنی خەباتی سیاسی، پێویستە ئەو بابەتە ستراتێژیکە لە بەرنامەڕێژیی خەباتی ئێستا و ڕۆژبەڕۆژماندا لەبەرچاو بگرین.

**تیشک** *کاک دوکتـــور باقـــر! دوکتـــور حەســـەن‌زادە لـــەو باوەڕەدایـــە کە دەبێ پرســـی ژینگە بکرێتە پرسێکی نەتەوەیی، بەڵام ئێمە یەک شـــتی دیکەش دەزانین، دیـــارە دوکتـــور حەســـەن‌زادە نکۆڵی لێ نەکردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتەی کە*

*پێی دەگوترێ پرس یان قەیرانی ژینگە، هاوکات کە دەتوانێ پرسێکی نەتەوەیی بێ، پرسێکی ناوچەیی و جیهانیشە، ئێوە بەو تێبینییەوە کە لەوباوەڕەدان، کە دەبێ ژینگە بکرێتە پرسی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان چۆن ئەو دوانە تێکەڵ دەکەنەوە؟ چۆن قەیرانێکی نێودەوڵەتی یان ناوچەی لەگەڵ دۆزێکی نەتەوەیی تێکەڵ دەکەنەوە و چۆن دەتوانین ئەو باسە بێنینە نێو کۆمەڵگای کوردستانەوە ؟*



پێم خۆشە لە سەرەتاوە ئاماژە بە باسێکی کۆمەڵایەتی بکەم، لە ڕاستیدا پێموایە لە بڕوا و ئایینی ئێمەدایە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئەشرەفی مەخلوقات دادەنرێت و ئەمە لە مێشکی ئێمەدا نەتەنیا لە ڕۆژهەڵات و لە ئێراندا، بەڵکوو لە خاوەرمیانەدا ئەم باوەڕە هەیە، کە مرۆڤ ببێ بە ئەشرەفی مەخلوقات، ئێسە کە مەخلووق هەیە یا نییە ئەوە باسێکی ترە. بابەتەکەی من وشەی ئەشرەفە، کە ئەشرەف بیت یانی زانا، کە ئەشرەف بیت یانێ بەهێز، بڕیاردەر، ئەوەی کە لە سەرەوەدایە، هەرئەم پەتای کۆرۆنایە، نیشانی دا کە بەڕاستی مرۆڤ ناتوانێ ئەشرەف بێت، گەورەیی ویرووسی کۆرۆنا ئەوەندەیە کە ئەگەر یەک میلیون دانەی دابنێیتە پاڵ یەکەوە تازە گەورەییەکەی ئەبێتە یەک میلیمیتر، بەڵام ئەو زەرەرە قورسانەی کە لە کۆمەڵگا و لە خەلکی داوە هەموومان دەیزانین. بیروڕاکە ئەبێ ئاوا بێ کە ئەو هەستیی ئێمە کە مرۆڤ بەشێکە لەم کەهکشانە، لە هەموو ئەو شتانەی کە هەیە، وجودی هەیە، وەکوو ئەندامێک چاوی لێ بکرێت.

کەوابێت هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ گیاندارانی تردا، لەگەڵ تەبێعەتدا، لەگەڵ سروشتدا دەگۆڕدرێت. پێم وایە ئەوە باسێکی سەرەکییە کە ئەبێ بیری لێ بکەینەوە، ئەوەی کە فەرمووتان باسی ژینگە لە ڕاستیدا ئەگەر کە ڕیشەیی چاو لە مەسەلەکە بکەین، هەڵئەگەڕیتەوە بۆ گەشەی ئابووری و بۆ ژیانێکی باشتر، لەوێیش ئەبێ ئیمە لە سەرچاوە سروشتییەکان کەڵک وەربگرین. ئەو سەرچاوە سروشتییانەش بەشێکە لە ژینگە، لە بەحسی ئابووریدا بەهێزبوونی ئابووریمان هەیە و گەشەی کۆمەڵایەتیمان هەیە، کە ئەو دووانە هەمیشە وەکوو یەک نین. بۆ نمونە ئیتیۆپی دە ساڵ لەمەوبەر گەشەی ئابوورییەکەی بە شوێن چینا دووهەم بوو، بەڵام کە چاوت لە کۆمەڵگای ئیتیۆپی دەکرد دەتدی ئەو بەهێزبوونی ئابوورییە لە کۆمەڵگادا کەس نایبینێ جگە لەتاقمێک و گرووپێک نەبێ کە لە ئادیسابابا دانیشتبوون و خەریکی خۆشگوزەرانیی خۆیان بوون، کە باسی ژینگە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ بابەتە ئابوورییەکان وئێمە ئەبێ بابەتی ئابووری، مرۆیی، ژینگەیی هەر سیانی پێکەوە لە کۆنتێکسێکدا ببینین.

ئامانجە ئابوورییەکەی نموونەی بۆ بێنینەوە هەر لە ڕۆژهەڵاتی خۆمان، ئەگەر ئێمە گەرەکمان بێ ئەو کۆمەڵگای کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە کە هەمانە بمانهەوێ بیکەین بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و سەنعەتی، ئەوە ئەبێتە ئەو بەشەی کە گوتم بەشی ئابوورییەکەیە. ئێستا ئەبێتە سەر ئەوەی باشە پێشکەوتنی ئابووری بۆ مرۆڤ ئەبێ چ ئامانجێکی ببێ؟ ئامانجەکەیشی بۆ مرۆڤ ئەبێ بە خۆشگوزەرانی بۆ ئەو خەڵکە کە لەو ناوچەیەدا دەژین.

جا ئێستا پرسیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە ئەو خەڵکە کێن؟ خەڵکێکن کە ئێستا لەوێ دەژین؟ باشە ئەو خەڵکە لەوێ دەژین بە باش بوونی باری ئابوورییەوە هەلی کاریان بۆ دەرەخسێ، دەی باشە منداڵەکانیان؟ منداڵی منداڵەکانیان لەم سەرچاوەی سروشتییە چۆن ئەبێ بەشدار بن؟

لە بابەتی ژینگەکەشییەوە ئەوەیە کە ئێمە کە کەڵک لەم سەرچاوە ژینگەییانە وەردەگرین، بمانەوێ و نەمانەوێ ئاسەوارێک و خەسارێک دەمێنێتەوە لە سروشتدا ئەوە چی لێ بکەین؟

ئەمانە بابەتگەلێک بوون کە پێم خۆش بوو وەکوو خاڵ ئاماژەیان پێ بکەم، ئەگەر کە پرسیار بێت و لەسەری باس بکرێ من لە خزمەتدام.

*بەڕێز کاک سەلاح بەڕێز دوکتور حەسەنزادە نەزەری ئەوە بوو کە پرسی ژینگە وەکوو پرسی حیزبەکان لە وتارە کەلانەکەدا بوونی ببێت، ئێمە ئێستا لە کوردستاندا ئەکتەرێکی تریشمان هەیە کە لە واقیعدا ئەکتەری نێو کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستانە، ئایا پرسی ژینگە لە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا وتارە کەلانەکەیە؟ کۆمەڵگای مەدەنی چۆن دەتوانێ ئەو پرسە بەرێتە نێو کۆمەڵگای کوردستان و نێو سیاسەتەوە؟*



دەتوانین بڵێین کە لە ناو بەشیکی زۆری کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا، ئەم پرسە بەتایبەتی چاوی لێ دەکرێت؛ بەڵام لە دەرەوەی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا فشاریکی زۆر هەیە بو ئەوەی ئەم پرسە لە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا، لە وتارە کەلانەکەوە بگۆردرێت بە وتاریکی دەرەجە چەندم.

مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمێکی زلهێز دەستی کێشاوە بەسەر کۆڵان بە کۆڵانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستاندا و ئەگەر هەر چەشنە کارێک بە تاکەکەسێک یان ڕێکخراوەیەک بکرێت، ئەوا لە لایەن ئەو سیستەمە زلهێزەوە بەرگیریی لێ دەکرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان زۆر گرێدراوە بە باسی ژینگەوە. ئەگەر ڕاحەتتر بڵێم ئەوا کوردستان بێ ژینگە کوردستان نیە. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی ئەم کۆمەڵگایە لە ژێر فشارە و ئەم فشارە لە لایەن کێوە دێت ئەوا دەبێت کەمێ زۆرتر بچینە ناو باسەکەوە.

بۆ ئەوەی ئیمە ببین بە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی بەهێز، پێویستمان بە چەند عاملی زۆر سەرەکی هەیە کە یەک لەوانە خەڵکە (خەڵکێکی ئاگا و زانا لێرەدا)، دووهەم سیستەمێکی ڕێکوپێک کە پلانداڕێژ بێت و بتوانێت بە باشی چوارگۆشەی ئەم کۆمەڵگایە لە یەکتر نزیک بکاتەوە. (بە باسێکی ڕوون تر: متمانە لە کۆمەڵگادا گرینگترین سەرمایەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە وجودی خەڵکانیکی زانا و سیستەمێکی باشی پەروەردەیی و مودیریەتیدا دەستەبەر دەبێت).

بەڵام شتێک لێرەدا (مەبەست کۆمەڵگای کوردستان) نادیارە؛ یان پەیدا دەبێت بەڵام نەبوونی لە بوونی باشترە و ئەویش بوونی سیستەمێکی نەخۆش و گەندەڵە.

سیستەمێک کە من بۆخۆم بە سیستەمی دەوڵەت-مافیا ناوی دەبەم. سیستەمێک کە تەنیا ئیش دەکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی عەقلیەتیکی ئیدئولۆژیکی و چەن کەسی ئامادە بکات. لەم سیستەمە مافیایەدا هەموو گیاندارێک، کۆمەڵگای مەدەنی و مۆشتەقاتی، ژینگە و شتەکانی تریش لە خزمەتی ئەو عەقلیەتەدا دەبێت بو ئەوەی ئەو فکریەتە ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر بێت و تەنیا شتێکیش کە لێرە دا بۆ ئەو سیستەمی مافیاییە گرینگ نییە، ژینگە و کۆمەڵگا و خەڵکی مەدەنییە.

کاتێ پرس لە ژینگە و کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێت دوو کلیل واژەمان هەیە: مرۆڤ لەو کۆمەڵگایە و خۆدی کۆمەڵگاکە.

مرۆڤ وەکوو تاک؛ تاک یانی چی دەکات خۆی بەرپرسیارە و، مرۆڤ وەکوو بەشێک لەو کۆمەڵگایە؛ لێرە سیستەم دروست دەبێت. سیستەم! ڕۆحی خۆی لەو کۆمەڵە خەڵکە دەگرێت. «من» وجوودی نیە بەڵکوو دەبێت بە «ئیمە». وەکوو نموونە: ئیمەی کورد یان ئێمەی ڕۆژهەڵاتی یان ئیمەی سنەیی.

سیستەم (کۆمەڵگای مەدەنی) خۆی چەند بەشی دەبێتەوە. بۆ ئەوەی باش ئەو سیستەمە

بناسـین دەبێت ئێمەیش وەکوو خوێنەری ئەو کۆمەڵگایە لە چەند لاوە سەیری ئەو سیستەمە بکەین، دەنا خوێندنەوەکەمان، خوێندنەوەیەکی دروست نیە.

لە وڵامی پرسیاری ئێوەدا کە چۆن دەتوانین پرسی ژینگە بەرینە نێو کۆمەڵگاوە ئەوا بە:

١ ناسـینی دروسـتی کۆمەڵـگا (کولتـوور، ئێکۆنۆمی و پۆلێتیک لەو کۆمەڵگایەدا).

٢ ناسـینی دروسـتی خەڵـک (کولتـوور، دەروونناسی و بیری هاوبەش).

٣ سیسـتەمی پەروەردە(هـەر دوو بەشـی فەرمی(قوتابخانـە، زانکـۆ، میدیا) و نافەرمی(کولتووری خەڵک).

کاتێک ئێمە توانیمان بە سەر ئەم سیستەمەدا زاڵ بین، ئەوا دەتوانرێت چ باسـی ژینگە و چ باسی تریش ببرێتە ناو کۆمەڵگاوە و بکرێت بە بەشی گرێدراوی ئەو کۆمەڵگایە.

بـە داخـەوە لـە کوردسـتانی خۆمـان هەروا کە پێشـتر گۆتم سیسـتەمی سیاسیی دەسـەلاتدار(دەوڵەت-مافیا) نەتەنیـا حەز بە ئەوە ناکات کە باسـی ژینگە گـەورە بکرێت، بەڵکـوو هەموو هەوڵێکیـش دەدات بۆ ئەوەی ئەم پرسـە نەبێت بە پرسی سەرەکیی خەڵک لەو کۆمەڵگایەدا. چونکە ئەو سیستەمە گەندەڵە خەریکـە لەم ڕێگایەوە نانی خۆی و کەسـانی گرێـدراو بە سیسـتەمەکە دابیـن دەکات. بۆ نموونە سـەیری کانگاکانی کوردسـتان(تەلا و بـەرد و. . ) ئاو و دار ی کە لە کوردسـتان بە تالان دەچێت بکەن.

کۆمەڵگای مەدەنیـی لاواز ناتوانێت ببێت بە بەشـێکی جیاواز(سیستەمی هاوتەریب) لە سیستەمی سیاسی. چونکە:

١ یان هێزێکی نیە.

٢ یان هێزێکی لاوازی هەیە (هێزی سیاسـی زۆرینەیە. لە ئەقەلیەتدایە).

٣ یـان هێـزی هەیە بەلام ئـەو هێزە خۆی ناناسـێت. (کۆمەڵـگای مەدەنیی کوردسـتان زۆرینەیە بەلام ئەو هێزە؛ خۆی ناناسێت)

لێـرە شـتێک کـە ڕوو دەدات ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایـە دەچێتە ژێر فشـار و کاریگەریی سیستەمی زاڵدا.

لـە کۆمەڵـگای مەدەنیی کوردسـتاندا، سیسـتەمی سیاسـییە کـە بەسـەر هەموو شـتێکدا زاڵە. سیسـتەمی سیاسـی خاوەنی جوغرافیای سیاسییە و جوغرافیای سیاسییش دێت دەقیقەن ژینگە سـنووردار ئەکات. بۆیە کۆمەڵـگای مەدەنیی بەهێز لە کوردسـتان بە تەنیایی چارەسـەر نیە و بو ئـەوەی بتوانێت قسـەی بۆ وتن بێت بو نموونە لە سەر ژینگە لـە کوردسـتان؛ دەبێـت ببێت بـە خاوەنی سنوورەکانی خۆی.

کاتێـک کە ئێمە نە خاوەنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیـی بەهێزیـن و نە خاوەنی سـنوورە سیاسی و وجوغرافیاییەکانی خۆمانین! دەبێت ئـەو هێزە کەمـە فێر و پشـتیوانی بکەین بۆ ئەوەی لـە بەرانبەر سیسـتەمێکی دەوڵەت-مافیـادا کاربکەن. هەروەهـا کار بۆ ئەوەی کە ئەو بەشەی دیکەی خەڵکیش ئاگادار بکەینەوە.

لێـرە مەسـەلەی «ڕهابێلێرتینیـگ» واتا تواناسازی دێتە بەرۆ ئەوە کە ئێمە چۆن دەتوانین خەڵکی خۆمان تەوانمەند بکەین؟

- بە شـێوەی تاک بە تاک و گشـتی وەکوو کەڵک وەرگرتن لە سۆشیال میدیا.
- چالاک کردنی ڕێکخـراوە مەدەنییەکان بۆ بە ئەسـتۆ گرتنی پەروەردە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان.
- باوەرمەنـد کردنی خەڵکی خۆمان بو ئەوەی کـە گیروگرفتەکانـی ناو کۆمەڵـگا نیازی بە هاوکاری و بیری هاوبەشە.
- متمانەسـازی وەکـوو کلتووریـک پـەرە بسـتێنێت. هاودڵی کلیلواژەی ئەم پرسـەیە و لە کوردسـتان، لە کاتە تەنگانەکاندا دیوومانە کە خەڵک چۆن دەچنە یارمەتیی یەکتر. ئەمە نابێـت بەس بە شـێوەیەکی کاتی بێت بەڵکو ئەوە بەشێکی هەرە گرینگی کولتووری کوردە کە دەبێت زیندووتر ببێت و پایدار.

کێشەکانی هەر ناوچەیەک دەبێت بە هاوفکریی خەڵکی ئەو ناوچەیە چارەسەر ببێت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاوکار و یاریدەری ئەو خەڵکە بن.

*بەڕێز دوکتور سۆهرابی! بە باوەڕی جەنابت پرسی ژینگە پرسێکی سیاسییە؟ هاوکات لەگەڵ ئەوە پێم خۆشە ئەگەر بکرێت باسێک لەسەر ئەوە بکەن کە ئەخلاقی ژینگەیی چییە؟ چون بەڕێزتان لە زۆر وتووێژدا باستان لە پرسی ئەخلاقی ژینگەیی کردووە؟ بە باوەڕی ئێوە چۆن دەکرێ لە ڕێگای ئەخلاقی ژینگەییەوە، پرسی ژینگە ببەینە ناو کۆمەڵگای کوردستان؟*



زۆر جار خەڵک ئەڵێن با پرسی ژینگە بەسیاسی نەکرێ، بەڵام ناکرێ سیاسی نەکرێتەوە، لەو کتێبانەی کە باس لە مێژووی خەباتی ژینگەیی یان مەسایلی سیاسیی ژینگە دەکەن، وەکوو کتێبیک هەیە بە نێوی «مێژووی ئیکۆلۆژی»یە، لەوێدا باس لەوە دەکات کە لە زەمانی «ئاراستوو» و «سوقرات» و . . . بەحسی گرینگیی ژینگە هاتووەتە ئاراوە و ئەو فەیلەسووفانە باسیان لەوە کردووە کە ئەو جێگایانەی کە مەنتیقەکەیان خۆش ئاو وهەواترن، مرۆڤگەلێکی بائیستعدادتری تێدا پەیدا دەبن و زیرەکتر دەبن و دەتوانرێ پێشڕەو بن. هەر ئەو بیرۆکانە کە دواتر من شتێکم دیت گەڕاوەتەوە سەر ئەوە کە نەقشی هەبووە لە پرسە «کۆلۆنیالیزمەکان» و «کۆلۆنیالەکاندا». یەعنی وەکوو سەرچاوەیەک چاویان لێ کردووە کە ئەو وڵاتانەی کەوا لەباری ئیقلیمی و ئاو و هەوا، لەباری سەرچاوە سروشتییەکانەوە وڵاتانێکن کە دەتوانرێ مرۆڤی زۆر باش لەوێ پەروەردە بکرێ یان ئەو هەلومەرجەی کە بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەو حاڵەتە بۆ ئەو ژینگەیە پێک بێنێت، بۆیان بۆتە ئامانج بۆ ئەوەی بتوانن داگیری بکەن، جا یا سەرچاوە سروشتییەکانیان لێ بەرنە وڵاتی خۆیان یا ئەوەیکە گۆڕانکارییەکی لە نێو کۆمەڵگاکەیدا بەوجود بێنێ، دێموگرافیی ئەو مەنتیقەیە عەوەز بکەن. یا ئەوەی کە پێشی بگرن نەهێڵن کە ئەو مرۆڤانەی لەوێن بتوانن گەشە بکەن. یەعنی ئەو ئیقلیمە وەها تێک بدەن کە ئەو مرۆڤانە نەتوانن لە داهاتوودا، مرۆڤی هۆشمەند بن. جا ئەوانە بوونەتە بنەما، مەبەستم ئەوەیە کە پرسەکە زۆر قووڵتر لەوەیە کە ئێمە پرسی ژینگە لە مەسایلێکی چکۆلەدا ببینین.

دواتر دەبینین لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ئینگلستان جەریانێک هاتە پێشێ کە ئەوانە پرسی ژینگەیان هێنایە نێو قانوون و دەوڵەت و بەحسی ئەوە هاتە گۆڕێ کە لە پەڕی ئەو باڵندانە بۆ سازکردنی لیباس ئیستفادە نەکرێ، ئەوانە ئیتحادییەیەکیان دانا بەناوی ئیتحادییەی «پلامیچ» کە ئەوانە توانیان قانوون بگۆڕن لە وڵاتی ئینگلیس نزیک ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر.

لە ئەمریکا مەسەلەن دەبینین لە «سانفرانسیسکۆ»، «جان مەیەر» کەسێکی زۆر نێودارە، سروشت ناسێکی مەشهورە لە دونیادا، کلاپێکی دانا بەناوی «سزیرا» کە ئێستە لە ئامریکا زیاتر لە دوو میلیۆن کەس تێیدا بەشدارن و لەسەر قانوونە ژینگەییەکان لە سیاسەتی ئامریکادا، کاریگەریی هەیە.

ئەگەر بێین بۆ سەدەی بیستەم بزووتنەوەی زۆر گەورەمان هەبووە کە بوونە هۆی ئەوەی هێزی سیاسی ساز بێ، حیزب ساز بێ، دەبینین لە ئاڵمان حیزبی سەوز دەگاتە دەسەڵات، لە ئینگلستان لەساڵی ١٩٧٢ لە سیاسەتی ئەو وڵاتە نەقشی دەبێ، لە ئوستڕالیا هەروا.

مەبەست ئەوەیە کە پرسی ژینگە سەتاسەت سیاسییە. سەرنج بدەن، لە کۆنفراسی پاریس سەرۆک کۆماری وڵاتێک دێ باس لە قانوونێک دەکات، دواتر سەرۆک کۆمارێکی دیکە دێ هەر لەو وڵاتەیدا، لە لایەن وڵاتی

خۆیەوە ئەو گرێبەستە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەوە پرسێکی سەداسەد سیاسییە، یا دەبینی کاتێک وەزیرێکمان هەیە لــە کابینەی دەولەتێکدا بە نێوی وەزیری ژینگە، دەبێتە پرسێکی سیاسی.

لە هەندێک شــوێن هــۆکاری ئەوەی کە کێشــەکان قووڵ دەبنەوە ئەوەیە کە پرسەکە لە حاڵەتێکی سیاســییەوە دەبێ بە حاڵەتێکی ئەمنییەتی، دەبینین کە شەڕ ساز دەبێ، وڵاتان لەسەر مەســایلی ژینگەیی تووشی شەڕ بوون، لەسەر ئاو لەسەر خاک تووشی شەڕ بوون. هەر ئەو جوغرافیایەی وڵاتانی لەســەر بنیات نراوە. کەوایە پرســێکی یەکجــار زۆر گرینگە، بەڵام مەسەلەی ئەخلاق وەکوو ڕەوشت.

کاک باقــر باســی ئەوەی کــرد کە ئێمە مــرۆڤ وەکوو ئەشــرەفی مەخلوقات دەبینین. لــە چوارچێوەی بــاوەڕە دینییەکانی خۆماندا، خۆمان پێ ســەرتر لەو سیستەمەیە. ئەمە وای کردووە کە کێشەی گەورە لەهەموو دونیادا ساز بێت، ئەوەی کە مــن وەکوو مرۆڤێک خۆم لە هەموو شتێکی ئەو دونیایە پێ لەسەرترە و ئەو دونیایە بۆ ئەوە ســاز کراوە کە من ئیستفادەی لێ بکەم و دواتــر بچمە دونیایەکی دیکە و لە دونیاکەی دیکەدا بە ئارامی بژیم و لێرەشــەوە هەموو شتێک لە خزمەت مندایە، ئەو بیرۆکەیە دەتوانێ زەربە لە سەرچاوەکان بدات، لەسروشت بــدات، لە ژیان بدات، یانــی حاڵەتێکی وەکوو «ئانتی تێزێکە» لە نێوخۆی ڕەوتی مەســەلەی کۆمەڵایەتیشــدا. یانــی دەبێتە هــۆی ئەوەی پێشــی تەکامولی کۆمەڵایەتیی ئینسانەکانیش بەو شێوەیەی کە بتوانێ بەردەوام بمێنێتەوە و بتوانێ دەوامی هەبــێ بۆ نەوەکانی داهاتووش، پێشی ویش دەگرێت.

لەواقیعدا مەســەلەی ئەخــلاق، جۆرێک ڕەوشت و هەڵســوکەوتە. جا ئەوە دەگەڕێتەوە ســەر مەســەلەیەکی فرەڕەهەنــدی یانــی مەســەلەیەک نییە تاک بە تەنیــا بتوانێ ئەوە جێبەجێ بکات. بۆخۆمان دەزانین ڕەوشتەکان لــە حاڵەتی تاکــەوە جاری وا هەیــە حاڵەتی کۆمەڵگایــی پەیــدا دەکــەن. یانــی ڕەفتار و ئەخلاق لەگەڵ ئینســانەکانی دیکەی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێ، یەعنی کاریگەریی هەیە جــا لێرەدا گرینگە کە ئێمە هەردوو مەســەلە هەم مەســەلەی تاک هەم مەسەلەی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرین.

بــۆ تــاک پێویســتە کاتێــک مناڵێک لە دایکــی خۆی دەبێت، تا ئەو ڕۆژەی کە دەژی، مەسەلەی ژینگە ببێتە بەشێک لە ژیانی. پێشتر کە بۆخۆی لەلایەن دایک و بابیەوە ڕادەهێنرێ، بتوانــرێ ئەوانەی پێ فێر بکرێ. یەکەم شــت ئەوەی کــە زەوی، ژیان، سروشــت، حەیوان، دار، هەمــوو ئەو فاکتــە ژینگەییانەی خۆش بوێ. یانی کاتێک مرۆڤ گەیشــتە جێگایەک کە هەستێکی تەعەلوق بکات بەو ژینگەیەی و خۆشی بوێت، ڕەفتار و کردار و ڕەوشتی لەگەڵ ئەو فاکتەی دەگۆڕێ؛ نیســبەت بەو حاڵەتەی کە هیچ هەستێکی خۆشەویستیی نەبێ و یان ئەوەی تەنانەت بۆیشی گرینگ نەبێت.

ئەگــەر وای لــێ بــێ، ئــەو هەســتە خۆشەویســتییە ئەوەندە قووڵ بــێ دەتوانرێ کاتێک کــە ئەو مرۆڤــە کارێــک دەکات کە کارەکە زیان بەو فاکتانە دەگەیەنێ، حاڵەتێکی دەروونیــی بــۆ پێش بێ کە هەســت بە گوناه بکات، هەست بە نارەحەتی بکات، ئەو هەستی نارەحــەت بوونەیە کە دەتوانێت کاریگەرییەکی یەکجار گرینگی هەبێت لەسەر پێشکەوتنی ئەو ڕەوت و ئەو ئەخلاق و ڕەوشــتەی کە هەیەتی، بۆ ئــەوەی کە ئەو ئەخلاقەی بێتە ناو کۆمەڵگا، یەکەم شــت ئەوەیە کە بنەماڵــەکان زۆر زۆر گرینگن، کە ئەویش ناتوانرێ فەقەت چاو لەوە بکەین کــە مناڵەکان دەبێ پــەروەردە بکرێن. ئیتر ئەوانە دواتر ئەو مەســەلەیە ببەنە پێشێ، بەخاتری ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە ئیحتیاجی بەوەی هەیە کە بۆ هەموو تەمەنەکان، بۆمناڵەکان، بۆ ئەوانەی کــە جەوانن، ئەوانەی کە بەســاڵدا چوون، بۆ پیرەکان، بۆ هەموویان دەبــێ ئێمە پلان وبەرنامەمــان هەبێ بۆ ئەوە،

لێرەدا مەبەست لە ئێمە کێیە، دووحاڵەت هەیە. ئێمە وەکوو کورد کە لەدەسەڵاتدا نین، لێرەدا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە لەو بوارانەدا کار دەکەن و بۆخۆیان باوەڕیان بەو شتانە هەیە. ڕووناکبیرەکانن، ڕێکخراوەکانن، مێدیاکانن کە کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەیە، سۆشیال میدیایە و لە بۆشاییی هێزێک کە ئێمە وەکوو کورد لە دەسەڵاتدا هەمانە لەئێران، مەسەلەی حیزبە سیاسییەکان بۆ بردنە پێشی مەسەلەی ئەخلاقی.

جودا لەو مەسەلانە کاک ئاسۆ ئاماژەی پێ کرد، نەخش ودەور دەبینێ کە ئێمە بتوانین کۆمەڵگاکە بەرەو ئەو حاڵەتە هیدایەت بکەین کە نیسبەت بە هەڵسوکەوتیان لەسەر ژینگە هەستیارتر بن و کاتێک هەستیارییەکە هەبێ، هەر ئەو حاڵەتەی کە عەرزم کردن کارێکی تەخریبی ئەنجام دەدەن، هەستێکی ناخۆشیان هەبێ. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە مەسەلەی دیکەیش بکردرێ کە مەسەلەی ئەوەیە کە چۆن لە نێو فێرکاریدا، ئاوڕ لە مەسەلەی دەرس خوێندن واتا پەروەردەی ڕەسمی بدرێتەوە. ئەویش کێشەیەکی کە هەمانە، ئێمە چون لە دەسەڵاتدا نین، بۆ ئێمە بۆتە گرفتێک لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بەڵام دەتوانرێ لە نێو سیستەمی پەوەردەییدا ئاماژە بەو مەسەلەیە بکرێ کە مەسەلەی ئەخلاق و ڕەوشتی ژینگەیی دەتوانرێ کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبێ لەسەر داهاتووی وڵاتێکدا، لەسەر گەشەپێدانی وڵاتێکدا. من قسەکانی خۆم بە نموونەیەک بۆتان کۆتایی پێ دێنم، ئێمە لە دەوروبەری مهاباد گیایەکمان هەیە بە نێوی چاڵۆک، وەکوو دەوەنێک، وەکوو درەختێک لە مەنتەقەی ئێمەدا هەیە. شتێکی بوومیی مەنتەقەیە، ساڵانێک لەمەوبەر دەمدیت خەڵکەکە دەچوون ئەو چاڵۆکەیان دەبڕی دەیانهێناوە ماڵێ گوڵی مەسنوعییان لێ وەسڵ دەکرد لەسەر ئەو دارەی، دەگەڕێتەوە سەر هەمان زانست و تێگەیشتن و ڕەوشت وئەخلاقەی کە ئێمە نەمانتوانیبوو تێیدا سەرکەوتوو بین. تا ئەو حەددەی کە شتێکی ئاوا گرینگ لە نێو ژینگەکەی خۆمان بە دەستی خۆمان بمانەوێ حەزفی بکەین.

یا دەبینین پیسکردنی ئاو هەیە، مەسەلەی ئاگرتێبەردانێکی کە بەدەستی خەڵک هەیە، هەمووی ئەوانە لە چوارچێوەی ئەخلاق و ڕەوشتی کۆمەڵگادا خۆی دەبینێتەوە و پرسیکی یەکجار زۆر گرینگە کاتێک کۆمەڵگا ئەخلاق و ڕەوشتی ژینگەیی لەبەرچاو بگرێ، پرسی ژینگە لە سیاسەتدا دەتوانێ دەورێکی زۆر زۆر باشتر ببینێ .

**پێشنگ** *بەڕێز دوکتور فەرەنگیس! جەنابتان باستان لەسەر کانزا کرد، بەڕێزت لەم ماوەیەدا سەرقاڵی ئامادەکردنی کتێبێکی بەناوی کانزاکانی کوردستان، پێم خۆشە ئەوە بپرسم کە کانزاکانی کوردستان تا چەندە دەتوانن ژێرخانێک بن بۆئەوەیکە بتوانین گەشەی سەقامگیر یان تەوسعەی پایدارمان لە کوردستاندا هەبێت؟*



لەسەرەتاوە دوو وشە هەیە با من عەرزتانی بکەم. ئەوەی کە بە فارسی پێی دەڵێن «کانسار» و»معدن» و پێم وایە کوردییەکەی دەبێ بە کانزا و کان. ئەوانە ئەبێ لە یەک جیا بکرێنەوە. کانزا یا کانسار شوێنێکە کە گومانی ئەوە هەیە کە مەوادێکی بایەخداریان تێدا بێ؛ کە باسی کان دەکەین بە مەعنای ئەوەیە ئەو ماددە بەنرخە و عونسورەی کە لەوێدایە، ئەوەندە زۆرە کە ئێمە دەتوانین ئیستخراجی بکەین دەریبێنین و بەرهەممان لێی هەبێ.

باسەکەی من زۆرتر باسی مەعدەن و کانەکانە. لێرەدا کە باسی زەوی ناسی بکەین، لەتەواوی زەوی ناسانی تەواوی دونیا مەتڵەبێکیان هەیە، باسێکیان هەیە پێی دەڵێن «زۆنی سنە –

سیرجان»، ئەو زۆنی سنە سیرجانە، ئەتوانین بۆخۆمان تەسەوری بکەین کە هێڵێکە لە گۆلی ورمێوە دەست پێ دەکات دەڕواتە سنە، دەڕواتە سیرجان. جا لەوەدوا دەڕواتە کەنداو. ئەویش بەهۆی زەوی ناسی، بابەتی زەوی ناسی دوو پلەیتی ئێران و عەرەبییە کە لەگەڵ یەکتریندا هەمیشە ئاڵوگۆڕیان هەیە.

ئەوە هۆکارێکە کە ئێمە دەتوانین بزانین کە ئەو سەرچاوە سروشتییانەی کان وکانزاکانی ڕۆژهەڵات، لە کوێوە دەستی پێ بکەین .

شتێکی زۆر سەیر لە کان و کانزاکانی ڕۆژهەڵاتا هەیە ئەویش فرەجۆرییەکەیەتی. بە مانای ئەوەیە کە وەختێ لە خۆی و ماکۆوە دەستی پێ دەکەین تادەگاتە ئابدانان لە ئیلامدا، لە باکوورەوە زۆرتر ئێمە مەعادنی فلزیمان هەیە یانی عونسرهایەکی فلزیمان هەیە کە دێیتەوە بەرەوخوار بەرەو لای ئیلام و ئەولا زۆرتر ئەبێتە مەنابعێکی فوسیلی وەکوو قیری سروشتی، گاز و نەوت و شتهایەکی ئابەو شێوەیە. ئەو فرە جۆرییە شتێکە تایبەتی ڕۆژهەڵاتە. ئێمە فرە زمانیمان هەیە فرە ئایینیمان هەیە، ئیستا ئەم بابەتەی کان وکانزاکانیش بەڕاستی فرە جۆرییە .

کانەکانی ڕۆژهەڵات بە کورتی من فەقەت ئاماژەیان پێ بکەم ئاسنە، زێڕە، جیوەیە، بەردە بەنرخەکانە کە پێیان دەڵێین بەردی ڕازاندنەوە(سنگهای تزئینی)، گەچە، ئاهەکە، پاشورە، قیری سروشتییە و سەیر لەوەدایە کە ئێمە پاشۆڕ فەقەت بە پاشۆری ئەزانین، کە پای پێ تەمیس کەین بەڵام بەڕاستی شتێکی زۆر بەنرخە و قازانجهایەکی زۆری لێ دەگیرێت و ئەوەش لەناو ئەو کتێبەم کە هیوادارم بە زوویی چاپ بێت لەسەر ئەوەش باسم کردووە. بە کورتی ئاماژەی پێ دەکەم بەپێی ئاماری ڕەسمیی پار، کە لەلایەن وەزارەتی سەنعەت ومەعدەن وتیجارەتەوە بووە، ئێمە لە ورمێدا ٦٠٧ لە پارێزگای سنە ٤٤٩ لە پارێزگای کرماشان ٣٢٨ لە ئیلام ١١٢ لە مەجموعدا نزیک ١٥٠٠ کان نەک کانزا، مەعدەنی فەعال و غەیرە فەعالمان بووگە .

ئەگەر کە من بە یەک وشە ولامی پرسیاری جەنابتان بدەمەوە دەڵێم بەڵێ، دەکرێت بە هۆی ئەو ئیمکانگەلەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەمانە، کۆمەڵگای کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی ڕۆژهەڵات بکەین بە کۆمەڵگایەکی پیشەزای وسەنعەتی. جا لێرە ئاماژە بە دوو شت بکەم، یەکێکی زێڕە یەکێکی ئاسنە. بە پێی ئاماری پار لە ئێراندا ٦٠ تۆن زێڕ بەرهەم هاتووە، نیوەی ئەو زێڕە هین پارێزگای سنە بووە. ئێستا ئەگەر پارێزگای ورمێی لەسەر حیساب کەین لە سەدا ٦٠ی زێڕی ئێران هین کوردستانە.

جا ئیسە ئەو بابەتانەی بیری لێ بکەینەوە، بابەتی ژینگە و بابەتەکانی دیکە ئەوەیە، ئەگەر کە زەوییە عەیار٣٪ بێت ئەوە کانێکی زۆر باشی زێڕە، کانی ٣٪ بە مانای ئەوەیە کە لەیەک تۆنی ئەو خاکە بتوانین ٣ گرەم تەلامان هەبێ.

کاتێ ٣ گرەم تەلامان کە دەرهاورد لە قباڵی ١٠٠٠کیلۆدا زۆر نییە بەڵام بۆ پالافتەکردنی ئەم ٣ گرەمە تەلا، ئێمە یەک تۆن قوڕمان هەیە کەئەو قوڕە ژەهراوییە .

باشە بەم قوڕە چی بکەین؟ سروشت لەگەڵ ئەما چۆن هەڵسووکەوت بکات؟

سیاسەتەکانی ئێمە چۆن دەبێ؟ باسەکانی من باسێکی داهاتووی ڕۆژهەڵاتە .

ئێمە ئەشێ پلانێکمان هەبێ بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات. ئیسە سەربەخۆ بێ، فیدراڵ بێ، بۆمن ئەوە ئەوەندە گرینگ نییە، ئەوە باسێکە کە ئەشێ سیاسەتمەدارەکان زۆرتر لەسەری قسە بکەن. بەڵام بابەتەکە ئەوەیە کە ئێمە ئەشێ بیر لە داهاتوو بکەینەوە، مەسەلەیەکی دیکە لەسەر بەرهەمهێنانی زێڕە، بۆ ئەوەی کە یەک گرەم زێڕ پاڵەفتە بکەین پێویستمان بە ١٥٠٠ لیتر ئاوە، ئەمە پرسیارە ئەم ئاوە لە کوێ دێت؟

یان برۆینە سەر باسی ئاسن، بەکورتی لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ بکەم، ئێمە لەناوچەی

بیجاردا کانزا و کانەکانی ئاسنمان هەیە، لەئێراندا چوار جۆر ئاسن و پۆڵا بەرهەم دێت [آهن اسفنجی، فولاد خام، گندله و محصولات فولادی] بۆبەرهەمهێنانی ئەم چوارە، هەر کام لە نێوان ٣٠٠ تا ١٧٠٠ لیتر ئاومان پێویستە .

ئەم دوو توخمە، وەکوو ئاسن و زێڕ، شتێکە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات . پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە ئەم ئاوە لەکوێ بێت؟

ئێمە دەزانین کە مەسرەفی ئاو دەبێ بە سێ بەش و سێ کەرت، یەکێکی مەسرەفی مرۆڤە، یەکێکی کشتوکاڵە یەکێکی پیشەسازییە، ئەگەر ئێمە بایەخ بدەین بە پیشەسازیی ڕۆژهەڵات ئەبێ سیاسەتی کشتوکاڵی لەداهاتووی ڕۆژهەڵاتدا بگۆڕین.

دووهەم ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بکەینە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، ئەبێ پێش ئەوەی کە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێ کە ئەم مەعدەن و ئەو مەعدەن بێ، هاوزەمان ئەبێ بیرلە وە بکەینەوە پێویستی ئاو بۆ زێڕ و بۆ ئاسن. نەک هەر لەبەر باری ئیقتسادییەکەی بێ، هەر لەو سەردەما کە پلان دەڕێژرێت باسەکانی تریشی وەکوو ئاوەکە یان پیسیی هەوا، ئەوەش لەنەزەردا بگرین .

*کاک دوکتور ئاسۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام قەیرانی ئەمنیەتی هەیە و تەنانەت هێندێک لەو قەیرانە ئەمنیەتییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەرییان لەسەر تەناهیی دنیاش هەیە. ئایا ژینگە دەتوانێ یەکێک لەو قەیرانانە بێ و بەگشتی پرسی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ڕەهەندی تەناهییەوە چۆن دەبینن؟*



هەروەکوو لە باسەکەی پێشوودا ئاماژەی پێ کرا، هەموو شتێک سیاسییە بە مانای ئیدارەی پرسەکانی کۆمەڵگا و پێوەندیی نێوان گەلانی دونیا، ئەوە جیا لەوە کە هەروەک دوکتور مەنسوور باسی کرد، لەنێوان ژینگە و سیاسەتدا پێوەندییەکی بنەمایی هەیە. ئەو ئیشارەی بە ئاراستوو کرد، ئەمنیش تیئۆرییەکەی مۆنتێسکیۆ لەسەر ئاو و هەواکانم وەبیر هاتەوە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژینگەی سروشتی و جۆری سیستەمی سیاسی دادەنێ. سەرنج دەدەن لەو وڵاتانەدا کە زیاتر ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن، هەر لەوانیشدایە کە بۆ نموونە مافی ئاژەڵ پارێزراوترە و پرسی ژینگەش باشتر جێکەوتووە. بەپێچەوانەشەوە، لەو وڵاتانەدا کە گەشەی سیاسی بە مانای لیبراڵی و بایەخە دێموکراتییەکان لاواز یان غایبە، بواری ژینگەش دەکرێتە بوارێک بۆ سیاسەتی هەڵاواردن و لەپاشکۆییدا هێشتنەوەی خەڵک بەتایبەتی گەلانی ژێردەستە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە بواری ژینگەدا لە کوردستان ئەگەر سیاسەتێکی غەیرە عیلمییە، غەیرە عەمدی نییە، بەڵکوو شتێکی بیرلێکراوە و بەئەنقەست و بەمەبەستە. دەبینین پۆتانسیەلی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لە نێونجی باقیی شوێنەکانی ئێران زۆر زیاترە، کەچی وەبەرهێنانی ئەم سەرچاوانە و خێردانەوەیان بۆ گەشەی ئابووری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، زۆر لە ناوچە «ناوەندییەکان»ی ئێران کەمترە و هەر بەراوردیش ناکرێ.

ئێستا سەبارەت بەوە کە داخوا بابەتی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕەهەندی سیاسی و تەناهیی هەیە، بەڵێ وایە، بەڵام چما لەکوێی دنیادا وا نییە؟ یان کەنگێ وا نەبووە؟ زۆربەی هەرە زۆری شەڕ و ناکۆکی و فەروانخوازی و داگیرکارییەکانی مێژووی جیهان، لەپێشدا لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکان بووە. ئەگەر بۆ زۆر دووریش نەگەڕێینەوە، قەیرانی کاناڵی سوئێز و پاناما و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی کەنداو، نموونەی باشی ئەو ڕاستییەن. تەنیا جیاوازیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ زۆر جەمسەری

دیکـــەی دنیا ئەوەیە کە  بە زۆر هۆی مێژوویی و ژیئۆپۆلێتیک، ڕەهەندی ئەمنیەتیی پرســـی ژینگە لەوێ بەهێزترە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەگەر تەنیا چاو لە کێشـــەی ئـــاو بکەین کە دۆســـتانیش ئیشارەیان پێکرد، دەزانین کە ئەو بابەتە هەمیشە بابەتی ململانێ و گرژی بووە و پرسی ژینگەی بە زەقی کردۆتە پرسی تەناهی و سەقامگیری. بە دەیان جار ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی گوتوویەتی ئیســـرائیل و تورکیە ئاوی عەرەبان دەدزن. تورکیە  لە ئیدارەی دۆسیەی ئاودا لەپێنـــاو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەدژی بەرژەوەندیی ســـوریە و عیـــراق جووڵاوەتەوە. بەدەر لـــە دەرەنجامـــە ئینســـانییەکانی وەها بەرنامەڕێژییەکـــی ئابووری یان پیشەســـازی، ئەوە کە لـــەو ناوچەیەدا کێشـــەی ئێتنیکی و پێکەوەژیان و تێوەگلانی هەرکام لە دەوڵەتانی ناوچە لـــە پرســـە سیاســـییە نێوخۆییەکانی دەوڵەتانی دراوســـێدا هەیە، ڕەهەندی سیاسی و ئەمنیەتیـــی پرســـی ژینگەشـــی قووڵتـــر کردۆتەوە. بە هەمان شـــێوە ئەو بەهرەبەرداری و پۆمپـــاژەی ئیســـرائیل لە باکوور و لەســـەر کەنـــاری ڕۆژئاوای ڕووبـــاری ئۆردۆنی کردووە، ڕاستەوخۆ شوێنەواری لەســـەر قەبارەی ئاوی باشـــوور و کەنـــاری ڕۆژهەڵاتی ئـــەو ڕووبارە داناوە و لەو ژینگەیەدا کە لەپێشـــەوە کێشەی ئێتنیکیی هەیە، دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سیاســـەتەی وەبەرهێنان یەکراســـت بۆتە هۆی بەرجەســـتە بوونەوەی زیاتری ڕەهەندی ئەمنییەتیی پرسەکە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە گەشەسەندنی وەک فاکتەرێکی ئاشتی لەقەڵەم داوە.  کە باســـیش دێتە ســـەر گەشەسەندنی پایـــەدار، ئەوە بـــە دادپەروەری و یەکســـانیی کۆمەڵایەتـــی و ڕێزگرتـــن لە مافـــی مرۆڤ و ژینگـــە دێتە دی. بابەتی ژینگە هەروەک چۆن دەتوانێ سەرچاوەیەکی ڕکابەریی ناتەندروست و گـــرژی بێ، دەتوانێ بوارێکیش بۆ هاوکاری و هەمگەراییی نێوان دەوڵەتـــان بێ. تەنیا چەند ســـاڵێک پاش کۆتایی هاتنی شـــەڕی دووەمی جیهانی و ئەو کارەساتە سیاسی و ئینسانییەی لە نێوان دوو گەلی فەڕانسە و ئاڵماندا ڕووی دا، ئەو دوو گەلە بۆ ئاشتبوونەوە و دروستکردنەوەی متمانـــە لەنێوانیاندا، لەپێشـــدا هاتـــن بابەتی وەبەرهێنانی ســـەرچاوەکانیان کـــردە ئامرازی بەرژەوەندیی هاوبەش و پێش ئەوەی یەکێتیی ئوروپـــا دابمەزرێنن، یەکێتیـــی ئەورووپی بۆ خەڵووز و پۆڵایان دروست کرد. ئەو ئەقڵیەت و زەمینەیە بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا وجوودی نیە و زەمینەی ئیدارەی دروســـت و چارەســـەری هاوبەش بۆ کێشەکانی پێوەندیدار بە ژینگە یەکجار کەمترە.

ئـــەوەی بۆ من لێـــرەدا گرینگە ئەوەیە کە ئایا ئێمـــە وەک کورد لەو ســـۆنگەیەوە دەبێ چـــی بکەین؟ ئێمە  ناکرێ لە پێوەندی لەگەڵ گەلێکـــدا و بۆ بابەتێک کە لـــە ڕوانگەی تەواو ئەمنیەتـــی و بە دیدی سیاســـییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە دژکـــردەوە و بەرنامەڕێژیی خۆماندا ڕەهەندی ئەمنیەتیی پرسەکە لەبەرچاو نەگرین. لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی ئەمنیەتیی بابەتەکـــە بۆ ئێمەی کورد لـــەوەدا فەرق دەکا کـــە بەپێچەوانـــەی وڵاتانـــی دێموکراتیک کە حکوومەت لەسەریەک بەرپرسیارانە و بەشێوەی شـــەفاف و بە بەشـــدارکردنی خەڵک ئیدارەی دۆســـیەکانی ژینگـــە دەکا، مادام لـــە وڵاتی ئێمەدا ڕاســـت بەپێچەوانەیە، ئێمە ناچارین لە درێژخایەندا بۆ ئەوە تێبکۆشین کە بە کردەوە، کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانی سەر خاکی خۆمان وەدەست بێنین.

*تیشک: دوکتـــور ســـۆهرابی! بەرێزتـــان ساڵانیکی زۆر لە ناوەندە توێژینەوییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە ئێراندا کارتان کردووە، بەشـــێک لە لێکۆڵەرە ئێرانییەکان تەنانەت کێشـــەیان هەیە لەگەڵ ئەو شتە کە پێـــی دەگۆترێ قەیرانی ژینگە و ئەوان دەڵێـــن: ئەمە قەیرانی زانســـتە و قەیرانی*

*ژینگە نیە، ئێوە لەو بوارەدا ڕاتان چییە؟ بە پێی ئەوەی کە بەڕێزتان بە پراکتیک لە مەیدانەکەدا کارتان کردووە، قەیرانی زانستە یا قەیرانەکە لە قەیرانی زانست ترازاوە؟*



لە ڕاستیدا قەیرانەکە قووڵترە لە مەسەلەی زانستی و ژینگەیی لە واقیعدا وەکوو دوکتۆر ئاسۆیش باسی کرد ڕەنگە زۆرجار سیاسیەکان بیهێڵنەوە کە دواتر حەڵی کەن. بە ڕای من مەسەلەی مان و نەمانە، مەسەلەی ئەوەیە کە ئێوە ئایا دەتوانن لە سەر ئەو جوغرافیایەی کە تەعریفتان کردووە بژین؟ مەسەلەن لە ئێراندا جوغرافیایەک تەرسیم کراوە کە ئەوە جوغرافیای ئێرانە، ئایا ئەو جوغرافیای ئێرانە، قابلیەتی ژیانی هەیە یان نییە؟ ئیمە ئەگەر بێین چاو لە ئەو فاکتۆرانە بکەین کە بۆ ژیان پێویستە، هەمووکمان دەزانین کە ژیان پێویستی بە ئاو هەیە، پێویستی بە هەوای پاک هەیە، پێویستی بە دارودارستان هەیە، ژیان پێویستی بە خۆڵ هەیە، تەک تەکی ئەو فاکتۆرانە ئەگەر بە جیا بێنین چاو لێ بکەین، دەبێنین کە لەو جوغرافیای سیاسییەی ئێراندا، تووشی قەیرانی گەورە بوونە. دەبێنین کە زۆربەی زۆری تالاوەکان، گۆڵ و ڕووبارەکان و هەتا ئاوە ژێرزەوییەکان وشک بوون و تووشی گرفت هاتوونە و ئەو مەسەلەیە وەکوو پێشتریش من ئاماژەم پێ کرد، لە قەیرانیکی ژینگەیی تێپەڕیوە؛ بووەتە مەسەلەی ئەمنییەتی، دیتوومانە چەند وەخت لەمەوبەر لە ئێراندا خەڵک تووشی کوشت و کوشتار لەگەڵ یەکتر بوون، یانی جیا لەوەی کە ئێمە دەبینین لەگەڵ دەسەڵاتدار کێشە دێتە پێش، خەڵکەکەیش زۆرتر لەسەر ئەو فاکتۆرە ئەساسییانە تووشی قەیران دەبن، هەر دەبینن کە لە کوردستاندا لە ماوەی دوو ساڵ لەمەوبەر، بنەماڵەی خزم بەیەکەوە لەسەر داگیر کردنی مەرتەعێک کە بڵێم چێڵگەیەکی کە لە ئەساسدا ئەو چێڵگەیە هێن هەموو خەڵکە یان بڵێم میللییە، ئەوانە کە بە پێی ئەو تەقسیماتی ئەرزییە کە کراوە، یان ئەوەی کە دەوڵەت یا حاکمییەت ناتوانێ بە باشی بەڕێوەی بەرێ. هەر کەس دەبێنی ئەو جێگایانەی کە مافی تاکی کۆمەڵگا نییە و هی هەموو کۆمەڵگایە، داگیریان کردووە، لەسەر کێڵانی بەشێک لەوانە، نەفەریان لە یەکتر کوشتووە. یانی ئامۆزا، ئامۆزای کوشتووە، هەر لە کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان! جا ئەوە گرینگیی بابەتەکە بە ئیمە زۆر نیشان دەدات کە ئیمە دەتوانین ئەگەر بڵێین واژەیەکی فەراتر لە قەیران دەبینین. مەسەلەکە دەتوانێ لە زۆر شوێن حاڵەتی ئەمنییەتی پەیدا بکا، هەر لە جوغرافیای ئێراندا ئەو کێشانەی کە هاتوونەتە پێشێ، سەبەب بووە کە بەشێکی زۆر لەو جوغرافیایە مەسیرێکی تەی بکا کە لە ئایەندەیەکی زۆر نزیکدا ئەو بەشانە قابلییەتی ژیانیان لەدەس دەدەن، یانی خەڵک ناتوانن لەوێ بژین. بە پێی ئەو فاکتۆرانەی کە من ئیشارەم پێ کردن کە پێویستە بۆ ژیان هەبن تاکوو بەشەر بتوانێ ژیانی خۆی ئیدامە بدا. کە ناتوانێ لەوێ بژی مەجبوور دەبێ کۆچ بکا، کۆچ کردن بۆ شوێنیک دەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو شوێنە تازەیە هەبێ، لە ئێران زۆرترین کۆچ بۆ زاگرۆس و مەنتەقەی کوردستان دەبێ. وردەوردە ئەو خەڵکە دێن بۆ ئەوێ و دیمۆگرافی دەگۆردرێ، دیمۆگرافی کە گۆڕدرا دەبینی کێشەی قووڵتردێتە پێش، جا من لێرەدا ناچمە زۆر وردەکاریی ئەو باسەوە. چاو لێ دەکەین کە قەیرانە ژینگەییەکان سەبەب بوون ئیستا لە خۆراسان دێهاتیکی یەکجا زۆر چوڵ بن، بۆ چی ئەو دێهاتانە چوڵ بوون؟ مەسەلەی کشتوکاڵ لەوێ تووشی گرفت بووەوە، بەراوردیان کردوە ساڵی ۱۳۸۴ی هەتاوی، یانی نزیک پانزدە ساڵ لەمەوبەر، یەک لیوان ئاو کە بۆ کشتوکاڵ ئیستفادەی لێ

دەکرا ٢٠تمەنی ئێرانی تێچوو هەبوو. یانی ئەوەندەی هەزینەی هەبوو کە بیگوازنەوە، بە خاتری ئەوەی کە سەرچاوە ئاوییەکانی ئەو مەنتەقەیە کوللەن لە بەین چووە. خۆی ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگاکە دوچاری ئاڵۆگۆڕ بێت. مەسەلەی ژینگە سەبەب بووە کە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان تووشی کێشە بکا. ئیستا هەر ئەو مەسایلی ئەمنییەتی کە لە پرسی ئاودا ساز بووە، وای کردووە کە تورکیە بەنداوی یەکجار زۆر لەسەر ئەو رووبارانە کە دێنەوە ناو وڵاتی سوریە و عێراق یا بڵێم باشووری کوردستان ساز بکا. ئێرانیش هەمان کار دەکا، لە ڕۆژهەڵاتدا خەریکە سەدسازییەکی یەکجار زۆر دەکا لەسەر ئەو رووبارانەی کە لە نێو کوردستاندا هەن وەکوو مەسەلەیەکی ئەمنییەتی چاوی لێ دەکرێ.

لە لایەکی دیکە، ئێمە لە ئێران مەسەلەی پیس بوونی هەوامان لە ئاستێکی زۆر سەرەوەدا هەیە، لە زۆر شاراندا، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، چەند ساڵیکە دەبینین کە شاری سنە تووشی کێشەیە، دەبینین کە مەسەلەی تەپوتۆزیشمان هەیە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئاو. دەبینین لە زۆر جێگا زەمین ڕۆچووە. لە ئێران بەرهەمی کشتوکاڵەکان زۆر کەمن بۆ نموونە پۆتانسییەلی تەولیدی گەنم ١٧ تۆن لە یەک هێکتاردایە، یانی ئەگەر هەموو شتێک دروست بێت، گەنم دەتوانێ تا ١٧ تۆن لە یەک هێکتاردا بەرهەمی هەبێت. بەڵام بەرهەمی گەنم لە ئێران دەبینین کە لە زەمینی بەرئاودا دەوروبەری ٣ تۆنە، لە دێمدا نابێتە تۆنێک! خەسارێکی زۆر بەر ژینگە دەکەوێت بەلام دەسکەوتەکە زۆر کەمە. خۆی تەواوی ئەوانە کە ئاوا لە کن یەک دابنێین و چاوی لێ بکەین، ئێمە دەبێنین کە جوغرافیای ئێران لە هەموو فاکتە ژینگەییەکاندا قەیرانی زۆر قووڵی هەیە و هەر خۆی ئەو قەیرانانە دەتوانێ چارەنووسی سیاسیی وڵاتیش لە داهاتوودا بگۆڕێ.

**تیشک** *کاک سەلاحی بەڕێز! بەڕێز دوکتور سۆهرابی ئاماژەیەکی کورتی بە پیس بوونی هەوا و باسی گاڵە و هەرا یان پیس بوونی دەنگی کرد، هەر چەند ئێمە لە کوردستاندا هەمانە، بە هۆی جوغرافیای سنە، ئەو شارە یەکێک لە شارەکانە کە لەگەڵ ئەوەی کە لە رووی گەشەوە، شارێکی گەشەکردوو نییە، بەڵام هەواکەی پیسە؛ بۆچی لە نێو پرسی ژینگە لە کوردستاندا زۆر بە کەمی باس لە سەر ئەو دوو ئایتێمە دەکرێ؟!*



پێش وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە بۆچی ئەم وەزعیەتە ڕووی داوە.

یەکێک لە تەحەدا مەزنەکانی سەدەی ٢١ بۆ سیاسەتدانەرەکان، تەنانەت لە سەوزترین وڵاتانیش، ئەوەیە کە بە تەواوی هۆکاری بێکاریگەربوون یان شکستهێنانی سیاسەتی ژینگەیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانەدا بزانن. ئەگەر چاوی لێ بکەین دەبینین کە ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی حکوومەت بریتین لە یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان کە زامنی فەرمانەکانن، بەڕێوەبردنی فەرمان، بەڕێوەبردنی باج دان، دابینکردنی کاڵای گشتی وەک ئاسایشی مرۆیی، بەپارەکردنی ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانیی گشتیی هاووڵاتیان و هەروەها مەسەلەی ژینگە بە گشتی.

کە لە قانوونی بنەڕەتیی حکوومەتی تاران و بەپێی ماددەکان ٥٠ و ١١٠ی دەستوور، داوا لەسیاسەتمەداران کراوە کە چارەسەری نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشە جددییە نیشان بدەن، لەڕێی تێپەڕاندنی دەستووری نیشتمانی بۆ پاراستنی ژینگە. بەڵام دەبینین کە ئەم پلانرێژی و بەرنامانە تەنیا لە سەر کاغەز دا ئیجرا کراوە. شەرعییەتی هەر حکوومەتێکیش بەندە بە بڕیار و سیاسەت و کار و فەرمانەکانییەوە.

لە ئێراندا بە خەملاندنی خودی حکوومەت، ئاشـــکراترین تەحـــەددای ژینگەییـــی ئێران، داتەپینـــی کوالێتیی هەوایە بەهۆی گەشـــەی بێ جیاوازیی دانیشتوانی شارەکان، کە ئەمەش بووە هۆی داخستنی بەردەوامی خوێندنگاکان و فەرمانگـــەکان و ئەمـــە خـــۆی یەکێـــک لە هۆکارەکانـــی نزمبوونـــەوەی کوالێتیی ژیان و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی لە شارەکانی ئێران و کوردستانە.

پیس بوونی هەوا و باســـی گاڵە و هەرا یان «ئالودەگیی ســـەوتی» شـــارە گەورەکانی ئێران و کوردســـتان، دەگەڕێتەوە بو سەر مەسەلەی سیاســـەت کردن بە گشتی و دواییش باسێکی زۆر جددیی کۆمەڵایەتی و ئێکۆنۆمییە.

**١ ســـەرەتا مەســـەلەی سیاســـەتگوزاری یان سیاسەتکردن:**

سیاســـەتکردن خەباتێکی سیاســـییە لەســـەر ئەرزشـــەکان(بەها) و ئایدیاکان. سیاسەتکردن خۆی پێویســـتی بـــە داهێنانـــە چونکە دۆخی ئێســـتا بـــەردەوام لـــە گۆڕاندایە و پرۆســـەی بڕیاردان بـــە ڕووداوەکانـــی دەرەوەی مەودای خاڵی سیاســـەت، لە کۆرسی ئاسایی لادەدات.

چۆناوچۆن سیاسەتکردن دەتوانێت کێشەیەک وەکوو ئالودەبوونی هەوا چارەسەر بکات؟

مودێل:

● ناسینەوەی گرفتەکان.

● گەشـــە پێدانی چارەســـەری (کۆکردنەوەی بەڵگەو هەڵســـەنگاندن و ڕاوێـــژ و بەڕێوەبردنی مەترسی)

● هەوڵەکان بۆ چارەسەرێکی کاریگەر.

● هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی سەرکەوتن.

● جەخت کردنەوە لەسەر مۆدێلی پێشکەتوویی و پلاندانانی درێژخایەن.

چۆن حکوومەت دەبێت وڵامدەر بێت لە بەشی سیاسەتکردن بە نیسبەت ژینگەدا؟

● زیادکردنـــی شـــەفافییەت لە سیاســـەتدا: جەخت کردنـــەوە لەســـەر یەکپارچەکردن لە سیاسەتکردندا.

● دادپەروەری لە سیاسەتکردندا: بەرزکردنەوەی ئاگاهی و شارۆمەندی سەوز.

باشـــترین ڕێـــگا پراکتیکییەکانیـــش هەر ئەو بەهێزکردنـــی ڕۆڵـــی کۆمەڵگـــە ڕەســـەن و ناوخۆییـــەکان، ڕێکخـــراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵە زانستی و تایبەتمەندەکانە کە کلتوری پاراستنی ژینگە بەرز دەکات.

**٢ مەسەلەی کۆمەڵگا و کولتوور:**

تاکەکانـــی هـــەر کۆمەڵگایـــەک، بەپێـــی پێویستییە تایبەتییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەسێتییەکانی خۆیان، هەڵوێستی جیاوازیان بەرانبـــەر بە ژینگە هەیـــە . (نواح و همکاران , ١٣٩٠:٧٩) ڕەنگە ئەم ڕەفتارانە تەواو پۆزەتیڤ و ژینگەپارێـــز و دڵنەوابن، یان لایەنی بەرانبەر ی تەواو نێگەتیڤ و دژ بە ژینگە بن.

زۆربـــەی لێکۆڵینـــەوەکان دەریدەخەن کە هۆشیاریی ژینگەیی و تێگەیشتن لە کێشەکانی ژینگە، چەند کاریگەرن لەســـەر هەڵسوکەوتی تاک لە گەڵ ژینگەدا. توێژەران هەروەها پێیان وایە کە زیادبوونی هۆشیاریی ژینگەیی گشتی، دەتوانێت کێشـــە ژینگەییەکان کەم بکاتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی کە هەڵسوکەوتی مەترسیدار بەرانبەر بە ژینگە دروست نەبێت.

تامسون و براون ١٩٩٤، دەڵێن: هەرچەندە ئەمڕۆ زۆر کەس خۆیـــان بە پرۆتیکی ژینگەدا ئەبینـــن، بەڵام هیـــچ کارێک ناکەن لەســـەر بنەمـــای هەڵوێســـتی ئەرێنـــی بەرانبـــەر بە پاراســـتنی ژینگە؛ ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە کە کەســـەکە لە بارودۆخێکدایە کـــە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندیی شەخســـیی کورتخایەن و بەرژەوەندیی درێژخایەندا دەبینێت.

هەروەهـــا ڕازیبـــوون لە ژیـــان دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنیی لەســـەر ژینگە هەبێت، بە تایبەت لە شـــارە گەورەکاندا و بە نیســـبەتی «ئالوودەبوونـــی ســـەوتی»یش ئەو مەســـەلەیە زۆر بەرجەســـتە دەبێـــت. بوو نموونـــە بووقی ئوتۆمبێلـــەکان زۆرتـــر لە کاتێـــک بەکار دێت کە خەڵک تووشی مەشـــغەلەی فکری زۆرە و

سترێسی هەیە.

بە گشـتی ئەتوانیـن بڵێین کـە هەموو فاکتەرەکانـی مرۆڤ، وەک ڕەگـەز و تەمەن، پەیوەندیی کاریگەریان لەسەر ژینگە هەیە.

ئەگـەر بمانهەوێت شـاری سـنە تاوتوێ بکەین ئەوا ئەم فاکتەرانە کاریگەریی زۆریان لە سەر مەسـەلەی پیس بوونی دەنگی لەو شارە هەیە:

- کەیفییەتی ژیان. خەڵکیکی زۆر ناڕازین.
- شێوازی ژیان.
- شارسازی و نەبوونی «ئامایشی سەرزەمینی» (پلانی شارسازی و ڕێگاوبان)
- ژمارەی دانیشتوانی شارەکە.
- خراپیی بەڕێوەبردن.

هەروەها ئەم فاکتۆرانە کاریگەرییان لە سـەر باش بوونی هەیە:

- زیادبوونی هۆشیاریی ژینگەیی
- بەهێزکردنـی گیانـی دەسـتەجەمعی یان متمانەی کۆمەڵایەتی.

ئێکۆنۆمیـش زۆر لەگەڵ دوو بەشـی دیکەی سیاسـەت و کولتـووردا تێکەڵـە و بـێ لەبەرچاوگرتنـی ئێکۆنۆمـی، ئـەوا تـەواوی تێگەیشتنەکەمان لەو بارودۆخە هەڵە دەبێت.

بەم باسـانە کـە کردمان دەگەینە سـەر ئەم جەم کردنی پرسـەکە کە بۆچی هێندێک فاکتەر زۆر بەرجەستەتر لە هێندێک فاکتەری دیکـەن!؟ بـۆ نموونـە ئەگەر بگەڕێمـەوە بو پرسـیارەکەی خۆتان کە هۆکاری بایەخ نەدان یاخـود کەمتر بایەخدان بە ئالودەبوونی هەوا و باسی گاڵە و هەرا یان ئالودگیی سەوتی چیە؟

هەم ئالوودگیی سـەوتی و هەم ئالوودگیی هەوا، بەشی سەرەکی لە کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت شارە گەورەکانی وەکوو سنەیە. بەڵام شێوازی ژیانەوە(لایف ستایل) لە ناوچەکانی کوردسـتان وای کردووە کە خەڵک کەمتر هەسـت بکات یان کەمتر گرینگی بەو کێشانە و نەخۆشـییانە بدات کە بە هۆی ئەم ئالوودگییانەوە سـەریان هەڵداوە. هەروا کە لە ئامارەکانـدا دەبینین هەم کێشـە ڕەوانی یان جەسـتەییەکان وەکوو نەخۆشیی هەناسە کە بە هۆی ئالودگیی سـەوتی و هـەواوە خەڵک تۆشی دەبن حاڵەتێکی تەساعودیی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونـەوە دەکات. لەم ناوەدا هەروا کە گۆتمـان مودیرییەتی لاواز(خراپیی بەڕێوەبـردن) و ڕەنگـە نەبوونـی بەرنامـەی مۆنسـەجمی ڕێکخـراوە مەدەنییەکانیش(زۆر جاریش دەرفەتیان پـێ نادرێت) وای کردووە کە ئەم مەسـەلەیە زۆر بەرچـاو نەبێت و زۆر ڕسانەیی نەکرێت لە کوردستاندا.

*کاک دوکتور مەنسوور! بەشێک لە بەرێزان، بە کورتی ئاماژەیان بە قەیرانی ئـاو و کاریگەریی لە سـەر گەشـە کرد! دوکتور حەسەنزادە گەشـەی پایدار یان گەشـەی سـەقامگیری باس کـرد بەڵام پێم خۆشـە زیاتر بچینە سـەر ئەو باسە، ئێستا ئیمە دوو پرسیارمان هەیە، ئایا ئێمە قەیرانی ئاومان هەیە لە کوردستاندا؟ و ئەو قەیرانە تا چەندە کاریگەریی هەیە لە سەر پرسی گەشەی سەقامگیر لە کوردستاندا؟*



کاک ئاگری پێش ئەوەی کە بێمە سـەرئەوەی کـە قەیرانـی ئاو لە کوردسـتاندا هەیە، با تەعریفک لە قەیرانـی ئاوبکەم، یانی بڵێـم کە قەیرانی ئاو چییە؟ لە حالەتێکـدا دەڵێن قەیرانی ئاو هەیە کـە لە کۆلییەتـی خۆیدا وەکوو وشکەسـاڵی پێناسـە دەکرێت، وشکە ساڵی تەعریفگەلێکی جۆراوجـۆری لـێ دەکـردری، لـە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باس لە وشکەساڵی دەکرێ، واتە ئەنواعی وشکەسـاڵیمان هەیە. وشـکە ساڵیی هەواشناسـی: ئەگەر ڕادەی بـاران بارین، لە میانگینـی درێژخایەن کەمتر بێت، ئەو سـاڵە وشکەسـاڵی هەیە. بۆ نموونە دەڵێن پاریزگای سـنە نزیک ٥٠٠ میلیمتری لە سـاڵدا بارین هەیە ئەگەر لە ٥٠٠ کەمتر بێ، ئەوە وشکەساڵی

لە باری هەواشناسییەوە هەیە.
وشکەساڵیی کشتوکاڵی: لە باری کشتوکاڵییەوە ئەو کاتەی کە گیا (هەر گیایەک کە چاندوومانە) لە فەسڵی رووانیدا کە پێویستی بە ئاو هەیە و ئاو لەو فەســڵەیدا کە ئەو گیایە پێویستی پێی هەیە بۆی دابین ناکرێ، ئەو حاڵەتە پێی دەڵێن وشکەساڵیی کشتوکاڵی.

حاڵەتێکی دیکەشــمان هەیە کە لە باری هیدرۆلۆژیکەوەیە کــە زۆر درێژخایەنە، ئەگەر ڕادەی ئەو ڕێژەی بارینــی بارانە کەمتر بێ لە میانگینی دەرێژخایەن و ئــەوەش کاریگەریی دانابێ لەسەر ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە هەمانە بۆ نموونە مەنبەعی ئاوی ژێرعەرزیمان هەیە کە زۆر کەم بووبێ، ئەوە پێی دەڵێن وشکەســاڵیی هیدرولۆژیک کە یەکجار زۆر گرینگە .

لــە ڕۆژهــەڵات بەنیســبەت ناوچەکانی دیکــەی ئێران لە نەزەر ئەو وشکەســاڵییانەی کە ئەمن باســم کرد ئێمە گرفتمان زۆر نییە ، گرفتی ســەرەکیی ئێمە لە ڕۆژهەڵات، گرفتی مودیرییەتی سەرچاوە ئاوییەکانە، یانی ئێمە لە ڕێژەی باریندا زۆر کێشــەی گەورەمان نەبووە. ئێســتا بۆ نموونە لە پارێزگای ســنە، ســاڵانە نزیک ١٠میلیارد مەتر سێجا بارینمان هەیە کە نزیک ۴میلیــاردو ٨٠٠ی پێی دەڵێن تەجدید پەزیــر، کە لەو ۴میلیــارد و ٨٠٠ــەی ، ئێمە دەتوانین لە ۴٠ دەرسەدی ئیستفادە بکەین کە دەکاتە نزیک دوومیلیارد. بەڵام دەبێنین کە لە پارێزگای ســنە بەراوردیان کردووە، لە تەواوی پارێزگا ١میلیارد و ٢٢٠میلیۆن مەتری ســێجا ئــاو کەڵکی لێ وەردەگیرێ لەو ۴میلیاردەی. و لەو ١میلیارد و ٢٢٠ میلیۆنەی، ٧٢٥ی لە ئاوی ژێر زەوی ئیستفادە دەکرێ، لە حاڵێکدا ڕێژەی بارینی ســاڵانەی کە من ئاماژەم پێ کرد ٥٠٠ میلیۆنــی دەچێتە ژێر عــەرزەوە، کەواتە ئێمە هەموو ســاڵێ دەوروبەری ٢٢٥ میلیۆن مەتری ســێجا ئاوی زیــادی لە بن عەرز دەکێشــین! ئەوە کێشەی مودیرییەتی سەرچاوەی ئاوە کە دەتوانێ قەیران ساز بکا.

ئێستا گۆلی ورمێ دەبێنین کە بەرەو وشک بوون چووە، هەر ئێســتا کەمتر لە ٣میلیارد و ٥٠٠میلیونی ئاو تێدا هەیە، لە حاڵێکدا تەرازی ئێکۆلۆژیکی گۆلی ورمێ نیزیک ١٥ میلیاردی ســێجایە! کە واتە نیزیــک ١١ میلیاردی ئاو کەمە!!

تەرازی ئێکۆلۆژیک، ئــەو ڕێژە ئاوەیە کە ئارتێمیــا کە لە ئەو گۆلەدا دەژێ بتوانێ تێیدا گەشە بکا. ئەمانە هەموویان نیشاندەری ئەوەن کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتــدا قەیرانی مودیرییەتی ئاومــان هەیە، ئێســتا ئــاو لــە ڕۆژهەڵاتەوە دەنێردرێت بۆ پارێزگای هەمەدان و زەنجان، لە مەریوانەوە ئاو دەچێ بۆ زەنجان، لە کن قورووەوە ئاو دەچــێ بۆ هەمەدان، لە کــن بۆکانەوە ئاو هەناردەی تەورێــز دەکرێ، لە کن میاندواوەوە ئەوە خەریکن هەنــاردەی تەورێز دەکەن. لەو بەرەوە لــە کەڵوێ ئاو ئــەوە دەگوازرێتەوە بۆ گۆلی ورمێ بە بیانووی ئەوەی کە بە ئیستلاح دەیانهــەوێ گۆلی ورمێ زینــدوو کەنەوە، لە ڕاستیدا ئەوە ئەمنییەتین!

هەم لــە پارێزگای ورمێ هــەم لە ئیلام، هەم لە کرماشــان هــەم لە پارێزگای ســنە، ڕێــژەی بارینــی چەندیــن ســاڵی ئەخیر لە هەموو پارێزگاکانی ئێران باشــتر بووە و ئەگەر بــە دروســتی مودیرییەت بکــرێ، ئەگەر ئەو مودیرییەتەی کە باس کــرا کە لە حەقیقەتدا مافیاییە نەبوایە، مودیریەتێکی دروست بووبایە، بەپێــی ئەو پێوەرانەی کە بــاس کراوە، وەکوو گەشەی پایەدار یان تەوسعەی پایەدار بێ لەو قاڵبانەدا پلانی دانابا، بە پێی تەوانی ئیدولۆژیک و ئامایشی سەرزەمین! پلانی دارشتبا، کە چۆن ئیستفادە لەو ســەرچاوانە بکرێ، نەتەنیا ئێمە تووشــی کێشــە نەدەهاتین بەڵکوو دەمانتوانی گەشــەی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتــدا ببینین کە پەیوەندیی ڕاستەخۆیان بە ئاووە هەیە.

*تیشک بەڕێــز دوکتــور حەســەنزادە دەمهەوێ لەبارەی شــتێکدا کە لە وڵامی*

*پرسیاری پێشووشدا ئاماژەت پێ کرد پرسیارت لێ بکەم. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ململانێیەکی خەست لەسەر ئاو هەیە. بۆ وێنە لە نێوان تورکیە و وڵاتانی عەرەبی، یان ئێران بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەوڵی ئەوەدایە نزیک بە ٧ میلیارد میتری سێجا ئاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە باشوور بگرێتەوە. ئەو ململانێیانە تا چەندە لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییدا قابیلی چارەسەرن و یاسای نێونەتەوەیی لەسەر ئەو کێشانە چ دەڵێ؟*



دیارە هەروەک کاک مەنسوور و جەنابیشت ئیشارەتان پێ کرد ئەم کارتی ئاوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا لەنێوان دەوڵەتاندا بەکار نایە، بەڵکوو دەوڵەتێک بۆ نموونە ئێران دەتوانێ نەک هەر بەدژی دەوڵەتێکی دراوسێ، بەڵکوو بەدژی گەلێک کە لە ژێر حاکمییەتی خۆیشیدا دەژی بۆ نموونە کورد بەکاری ببا. باسی ئەوە کرا کە دروشمی سیاسیی کورد هەرچی بێ، ئەوە نابێ تەئسیر لەسەر کارکردنمان بۆ ژینگە بکا. ئەمن ئەو قسەیەم زۆر پێ جوانە. کورد لە ئێران سەربەخۆییخواز بێ یان بۆ خودموختاری و فیدرالیزم تێبکۆشێ، دەبێ بواری ژینگەی هەر زۆر بۆ گرینگ بێ. لە دەوڵەتانی فیدراڵی دنیادا، خەباتی هەرێمەکان بۆ کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانیان هیچی لەوە کە دەوڵەتانی سەربەخۆ هەوڵی بۆ دەدەن کەمتر نیە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کاک مەنسووریش باسی کرد، ئاوەکانی کوردستان بۆ دەڤەرەکانی دیکەی ئێران دەگوازرێتەوە. دوو ساڵ پێش ئێستا لە پەیامێکدا کە بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ بڵاوم کردەوە، ئیشارەم بە مەسەلەی تەحریفی ئاوەکانی کوردستان بۆ ئوستانە ناوەندیترەکانی ئێران کرد، چونکە ئەگەر قەرار بێ باسی جینۆسایدی گەلی کورد و تاوانە دژەمرۆییەکانی دژ بە کورد بکەین ئەوە دەبێ لە هەموو ڕەهەندەکاندا چاو لەو مەسەلەیە بکەین کە ڕەهەندێکیان کە هەروەک لە پێناسەی تاوانە دژە مرۆییەکانیشدا هاتووە ڕەهەندی ژینگەیە. ئەو بەنداوانەی لە ئیلام و کرماشان یان لە بۆکان و سەردەشت لێدراون و ئاوەکانیان پێ گل داونەوە، بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان نین بەڵکوو بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ شوێنی دیکەی ئێران و بۆنموونە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتن. دەزانین کە ساڵانێکە باشووری کوردستانیش کەوتۆتە نێو مەنگەنەی پرۆژە ئاوییەکانی کۆماری ئیسلامی. هەر لەسەر ڕووباری سیروان سێزدە دانە بەنداو لێدراوە کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو سەتا حەفتایەی بەنداوی دەربەندیخان و حەمرین کە لە سیروانەوە دەهات و کاریگەریی گەورەی ژینگەیی و کشتوکاڵیی لەسەر ناوچەی گەرمیان و پارێزگای دیالە داناوە.


ئێستا ئایا ئەو جۆرە سیاسەتە چەندە لەگەڵ قانوونی نێودەوڵەتی تەبایە، لە ڕەهەندی نێوخۆییدا، ئەگەر بێت و کونترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکان و سیاسەتی ژینگە هەڵاواردن و نادادپەروەریی تێدا بێ، ئەوە بە پێچەوانەی هەموو پێوەرەکانی پێوەندیدار بە مافی گەلان و کەمینەکان و مافی مرۆڤە. سەبارەت بە کارتی ئاویش چ بۆ بەرژەوەندیخوازیی دەوڵەتان و چ وەک کارتێکی فشار بەدژی دەوڵەتانی دراوسێ، یاسای نێونەتەوەیی دەڵێ هەموو دەوڵەتێک لەسەر خاکی خۆی و سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی سەروەرە، بەڵام -هەروەک کاتی خۆی دیوانی لاهە لە قەزییەی کۆرفوو لەنێوان ئاڵبانی و ئینگلستاندا ڕایگەیاند- هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ بە جۆرێک لە خاکی خۆی کەڵک وەربگرێ کە بە زیانی دەوڵەتانی دیکە تەواو بێ. زۆر پەیماننامەمان لەپێوەندی لەگەڵ ڕێچکە ئاوییە نێونەتەوەییەکاندا هەیە بەتایبەتی کۆنڤوانسیۆنەکانی نیۆیۆرک و هێلسینکی. ئەنستیتۆی مافی نێونەتەوەیی و بنیاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای لاهەش

زۆریان کار لەسەر ئەو بوارە کردوە. لە کۆی ئەو سەرچاوە و بنەمایانە دوو پرەنسیپ زەق دەبنەوە: یەکەم، پرەنسیپی دادپەروەرییە واتە ناکرێ دەوڵەتێک بە جۆریک سەرچاوەی سروشتیی خۆی بەکار بەرێ کە ئاکامی نادادپەروەرانەی بۆ دەوڵەتانی دیکە هەبێ. دووهەم، پرەنسیپی بەکاربردنی مەعقوولە واتە بەکاربردنەکە نابێ زیاتر لەوە بێ کە دەوڵەتەکە پێویستیی پێیە و نابێ زیانیش بە یەکپارچەییە سروشتییەکە و ئێکۆسیستەمەکەی بگەیەنێ.

بەڵام ئەو ئەسڵانە بەوجۆرەی لە ئورووپا و ئەمریکا جێبەجێ دەبن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێبەجێ نابن. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەر جێیەک کە ئاشتی و دێموکڕاسی و بنەماکانی پێکەوە ژیان جێکەوتبن، چارەسەری ئەو کێشانەش هەمیشە ئاسانتر بووە. لە ئورووپا کە بەستێنی سیاسیی چارەسەر لەبارترە، ئەم جۆرە کێشانە باشتر ئیدارە کراون. بۆ نموونە لە قەزیەی «گابچیکۆڤۆ ناگیمارۆس» لەنێوان مەجارستان و سلۆڤاکیدا، دیوانی لاهە لایەنەکانی هان دا کە بە لەبەرچاوگرتنی دوو پرەنسیپەکەی سەرەوە سەبارەت بە بەهرەبەرداریی ڕووباری دانوب پێکەوە هاوکار بن و هەر واشیان کرد. لە قەزییەیەکی دادوەری لەنێوان فەڕانسە و ئیسپانیادا کە فەڕانسە دەیویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئاوەکانی مێدیتەرانەی لای «پیرەنە» بۆ لای زەریای ئەتلانتیک بگوێزێتەوە و ئەوەش دەبووە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووباری کارۆل لە ئیسپانیا، ئیسپانیا پێی وابوو کە فەڕانسە دەبوو پێشتر ڕەزامەندیی ئیسپانیای وەرگرتبا. دادگای دادوەری گوتی مادام فەڕانسە بەوەخت دەوڵەتی ئیسپانیای لە پرۆژەکە ئاگادار کردۆتەوە و بەڵێن و ڕێکاری قەرەبووکردنەوەی ئیسپانیاشی بۆ دابینکردنی ئاوی ئیحتیات لە وەرزی ئاودان یان وشکەساڵیدا جێبەجێ کردوە، ڕەزامەندیی پێشوەختەی دەوڵەتی دراوسێ پێویست نییە و فەڕانسە دروست جووڵاوەتەوە. هەمان ئەو کێشانە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێنە پێش چەندین دەهەی پێ دەچێ تا چارەسەر دەکرێن، تازە ئەگەر چارەسەر بکرێن. بۆ وێنە کاتی خۆی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی هەڵوەشاوە، ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی لەسەر ئەوە بوو کە بەکاربردنی فورات لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە نابێ زیان بە دەوڵەتانی عیراق و سوریە بگەیەنێ. کەچی لەحاڵێکدا کە پاش جێبەجێبوونی پرۆژەی گاپ و بەنداوی ئەتاتورک وەک بەشی هەرە دیاری ئەو پرۆژەیە، هەر لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە پرۆتۆکۆڵێک بۆ چارەسەری کێشەی دەرەنجامەکانی ئەو پرۆژەیە لەسەر وڵاتانی دراوسێ ئیمزا کرا، تا ئێستاش ئەم پرسە لە ناوچەدا بە ڕێچکەی سالمی خۆیدا نەڕۆیشتووە. ئەوە بۆ پرۆژە ئاوییە مەبەستدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش هەر ڕاستە.

*کاک دوکتورباقر دیارە هەر باسی قەیرانەکانی ژینگەمان کردووە، بەڵام بە تایبەتی لەم ٢٠ساڵەی دواییدا هەوڵیکی زۆر دراوە لە هێندیک بواردا کە یەکێک لە گرینگترین بوارەکان بەرهەمهێنانی کارەبا بووە. زانستێک دابهێندرێ کە لەو زانستەدا کارەبای کەسک بەرهەم دێت، جۆرێک بەرهەمهێنان کە لەگەڵ ژینگە زۆر دژایەتیی نییە!*

*بەرێزت لەو بوارەدا تێزی دوکتورات نووسیوە! ئایا کوردستان دەتوانێ چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا یەکێک لەو وڵاتانە بێت کە بەشێک لە پێویستیی کارەبای خۆی لە ڕێگای وزەی کەسکەوە بەرهەم بێنێت؟*



سپاست دەکەم کاکە گیان! پێش لەوەی کە وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، ئیزنم بدەن فەقەت یەک ئەسڵی زانستی فیزیک بە کورتی باس بکەم،

ئەویش ئەوەیە کە لە فیزیکدا ئێمە فێر دەبین و خوێندکار فێر دەکەین کە وزە نە بەرهەم دێت و نە ئەتوانیت وزە لە ناو ببەیت. تەنها چارەیەک کە هەیە ئەوەیە کە وزە لە فۆرمیک و لە شکڵێکی کە هەیە، بگۆڕی و بیکەی بە فۆرم و شکڵیکی تر. وەکوو نموونە ئۆتۆمۆبێلێکمان کە هەیە بەنزینی تێدەکەین، ئەوە وزەی کیمیاییە، کە ئەکەفێتە ڕێگە و لە شوێنێکەوە ئەچێتە شوێنی تر، وزەی حەرەکەتیمان پێویستە، لە بابەتی وزەکانی نوێیمان مەسەلەن وەکوو کارەبا، کارەبا بە مانای چیە؟ مانای ئەوە کە وزەی حەرەکەتی باکە ئێمە ئەگۆڕین و ئەیکەین بە وزەیەکی بەرق و کارەبا، یا وەکوو کار و خۆر، خۆر وزەی تیشکە، خۆر بەشێکی ڕوشنایی و نوورە و بەشێکی دیکەش گەرمایە، ئێمە دێین لەوانە کەڵک وەردەگرین و ئەو وزانە ئەگۆڕین و ئەیکەین بە وزەی کارەبایی. پێش لەوەی کە بڕۆمە سەر پتانسیەلی ڕۆژهەڵات بۆ ئەم جۆرە وزەی نوێیە، ئێزنم بدەن من بە کورتی باسێک بکەم لەسەر بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێراندا کە وەکوو نموونە لەسەر ڕۆژهەڵاتیش، کە هێشتا بەشێک لە ئێرانە، ئەتوانێت پێوەر بێت. من لەسەر لێکۆڵینەوەیەک کار دەکەم کە دەیتاکانیم جەمەو کردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧ی زایینی لە ئێراندا بەرهەمی کارەبا بوو بە ٣٠٠ تێراوات کاتژمێر، لە خزمەتتان عەرز کەم، لەم ڕادەی کارەبا لە سەدا دووی ئەتۆمی بووگە، لە سەدا شەشی کار و ئاو بووە، لە بەنداوەکان کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام لە سەدا ٩٢ی هین وێستگە هەڵمییەکان بووە، وێستگەی هەڵمی بە مانای ئەوەیە کە گاز و دیزڵ و نەوتی ڕەش دەسوتێنن، ئاو پێویستە، ئاوەکە دەبێ بە هەڵم، ئەڕواتە ناو توربین، ئەڕواتە ناو ژێنراتۆڕ و کارەبا بەرهەم دێت. ئێستا باش چاوێکە هەر لەم ساڵەدا، چاوی لە بەشداران یا هەر وەکوو موشتەرکین لە ئێران بکەین، بەشدارەکان یا کەرتەکانی جۆراجۆر یەکێکی پێشەسازییە، یەکێکی ماڵانە، یەکێکی کشتوکاڵە، یەکێکی بەشی گشتییە، یەکێکی بەشی تیجاری و یەکێکی هاتوچووە، ئێستا ئەمانە ڕادەکان بە جێی خۆی بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە خزمەتتان عەرزم کرد کە لەسەری خەریکم کار ئەکەم و هێشتا تەواو نەبووە، ئێمە ئەتوانین لە تەواوی ئێراندا لە سەدا ٦٠ی بەرهەمی کارەبامان بە شێوەیەک بێت کە لە وزەی نوێ کەڵک وەربگرین. نموونەیەکی ترتان پێ بڵێم کە بە ڕاستی دڵتەزێنە. بۆ من دڵتەزێن بوو. ئەو حسابەی کە کردوومە بە پێی ئەو دەیتا و ئامارەی کە خودی حکوومەت داویەتی، هەر ماڵێک لە ئێراندا لە ساڵی ٢٠١٧ دا ٢٧٦٥ کیلۆ وات کاتژمێر کارەبای پێویست بووە، بۆ یەک دانە ماڵ، یەک ماڵ، یەک بنەماڵە، بۆ ئەم ڕادەیە کارەبا ١٠٨٠ لیتر ئاو بە خەسار چووە، و لە کناریشیەوە ١٨٠٥کیلۆ دووکەڵ، مەبەستم گازەکانی گوڵخانەییە، دروست بووە. ئیستا کە چاوی لێ ئەکەین بەپێی هەر ئەو ئامارەی ساڵی ٢٠١٧ ئێمە لە ئێراندا، لە نزیکەی ٢٦میلیون بەشداری ماڵانمان هەبووە، کە دێین تەنیا و تەنیا بەشی ماڵان حساب ئەکەین؛ پێشەسازی، کشتوکاڵ و گشتی، تجاری وهاتوچوو، ئەوانە بنێمە لاوە، فەقەت بەشی ماڵان لە یەک ساڵدا ٢٨هەزار میلیۆن لیتر ئاو بە خەسار چووگە بۆ ئەوەی کە کارەبامان هەبێت لە ئێراندا ٤٧ هەزارمیلیۆن کیلۆ دووکەڵ بەرهەم هاتووە. ئەمە بابەتێکی، بابەتێکی کە باسی لێ دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن کە باشە وزەی نوێ ڕەنگە گران بێت، ئەمن کە چاوم لە ئامارەکانی ڕێکخراوی وزەی نێونەتەوەیی جیهانی دەکرد لە ساڵی ڕابردودا یانی ساڵی ٢٠١٩ بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەوان، کارەبایەک بێ سوبسید بەرهەم دێت لە تەواوی جیهاندا؛ لەسەری لێکۆڵینەوەیان کردووە و حسابیان کردووە، جاریکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە بێ سوبسید، کارەبای بەبێ سوبسید هەرزانترین ڕێگای کاروخۆرە یا کوو «فۆتۆڤۆلتایک» و گرانترینی لە ڕێگای وزەی

ئەتومبیەوە، زۆربەی خەڵک پێی وایە کاروخۆر یا کاروبا گرانە، ئەوە راستی نییە. ئێستا باسی رۆژهەڵات بکەین لە رۆژهەڵاتدا بۆ داهاتووی رۆژهەڵات من بیرەوەرییەکەی خۆم بە سێ دانە پیتی ب دامناوە، و خۆشم بۆ خۆم کردوومەتە پرۆژەی ٣ب، بەشدار ببێتە بەرهەمهێنەر، ب،ب،ب، جا باسی فەلسەفەی ئەم سێ ب یە چیە؟ ئەویش ئەوەیە کە لەسەربانان ئەو پەنجەی فۆتۆڤۆلتایتە یا خۆرە دابمەزرێ، قازانجەکانی چی دەبێت؟ یەکێک ئەوەیە کە ئیتر ئێمە چونکە بەرهەمهێنەر و بەشدار لە یەک شوێندایە هێڵی گواستنە و دابەشکردنی زیاترمان پێویست نییە، لە یەک شوێندا بەرهەم دێت، لە یەک شوێندا مەسرەف دەکرێت، جا ترانسفۆرماتۆر و کابلی کەمترمان پێویستە و ئەو خەرجانەی کە ئەشێ بکرێت بۆ چاوەدێری و پاراستنی (operation and maintenance) ئەویش کەمتر دەبێتەوە.

ئاوێک کە پێویستە بۆ کاروخۆر تەنها بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو پەنجانەیە کە ئەتوانین لەوەش چاوپۆشی بکەی.ن ئەو پانێلگەلە بە دەستماڵێک خاوێن بکەینەوە، یانێ ئاومان پێویست نییە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. بابەتێکی تر کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە وەختێ بەشدار ئەبێت بە بەرهەمهێنەر، سەربەخۆیی هەیە، خۆی لەسەر ئەوەی کە چی بەرهەم دێت چەنێک بێت یان ئەوەی کە هەر باسی دەکەن خەڵک لە مەسرەفدا سەرفەجوویی ناکەن شتی واو ئەمانە ئیتر ئەو باسە ناکرێت. یەکێکیتریش ئەوەیە کە ئێمە داهاتێکمان هەیە بۆ ئەو بەشدارە بۆ ئەو موشتەرەکە، ئەو کارەبایە کە بەرهەم دێت هەمووی مەسرەف ناکرێت و ئەرواتە ناو شەبەکە، ئەرواتە ناو هێڵەکانی دابەشکردن ئەو بەشە زیادییەی کە بەرهەم هاتووە ئەو دەتوانێت بەهۆی ئەوەوە کار بکرێت، بارێکیتر کە زۆر گرنگە لە داهاتووی رۆژهەڵاتدا، بارێکی ئەمنییەتییە ئێوە شارۆچکەی شارێک بۆخۆتان تەسەور بکەن کە یەکدانە وێستگەی هەیە کە یەک مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت، تەواوی کارەبای ئەو شارە یان شارۆچکە فەقەت لەم وێستگەیەوە هەیە. دەباشە بۆردومانێک بکرێت، عەمەلیاتێکی تێرۆریستی بێت یان وەکوو مەسەلەن گازایلی پێ نەدرگێت و شتهایەکی لەم چەشنە، تەواوی شار و شارۆچکەکە کارەبای نییە، بەڵام ئێمە کە بێین لە جیاتی ئەم وێستگەیە کە یەک مێگاوات هێزی کارەبایی هەیە، بێین هەزاردانە بەشدارمان بێت، کە هەرکامیان تەنها هەزار وات کە دووبارە ببێتەوە بە یەک مێگاوات بەرهەم بێنن، لە باری ئەمنییەتییەوە زۆر بە قازانجە. مەوردێکی تر کە لە داهاتوودا بۆ رۆژهەڵات ئەتوانێت باش بێت، ئەویش ئەوەیە کە رەخساندنی هەلی کارە، رەخساندنی هەلی کار بۆ شوغڵێک و بۆ کارێکی کە بە ئیستلاح پێی دەڵێن مودێرن جاب (Modern job)، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە تێکنۆلۆژیایەکی تازە واردی رۆژهەڵات دەکەین کە دەتوانێت ئەو کەسانەی کە زانکۆیان تەواو کردووە کاروبارێکیان هەبێت. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی من کە هێشتا بلاو نەکراوەتەوە، بەڵام ئەو بەشە تەواو بووە، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ ماڵان، باسی پیشەسازی و کشتوکاڵ و شتی وا بنێینە لاوە، ئەوەی کە لە رۆژهەڵاتدا ماڵان ئایا بە چ رادەیەک ئەبێت ئەو پانێلگەلە لەسەر بانان دابنێن تاکوو بتوانن بە شێوەی میانگین و ناوەندی بۆ ساڵێک بە ئەندازەی کافی کارەبا بەرهەم بێنن، ئەبێت بە شەش میتر لە شەش میتر. یانێ سی و شەش میتری دووجا کە ئەبێتە چوارگۆشە، لەسەر هەر ماڵێک لە رۆژهەڵاتدا ئەگەر دابمەزرێت، رەسایی ئەوە دەکات. جگە لەوەش ئێمە ناوچەی هەوەتوومان هەیە کە بۆ باسی کاروبا، پۆتانسیێلێکی گەورەی هەیە، ئێمە خەریکی ئەو پرۆژەیەین کە بتوانین پۆتانسیێلی تەواوی رۆژهەڵات، بە تایبەت ناوچەی هەوەتوو بۆ بابەتی کاروبا، بە شێوەیەکی زانستی و دەقیق بلاو بکەینەوە.

***پەیڤ*** *کاک سەلاح پرسیار لەسەر پرسی مافی ئاژەڵی کێوییە، ئایا ئەم پرسە بەشێکە لە بابەتی ژینگە و قەیرانی ژینگە یان پرسێکی سەربەخۆی حقوقییە و ئێوە لە ئێستای کوردستاندا دۆخەکەی چۆن دەبینن؟*



حەز دەکەم ئاوا دەست پێ بکەم کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان مافی مرۆڤ و مافی ئاژەڵدا نییە. بەو واتایە کە ئێمە وەکوو مرۆڤ بەشێکی زۆر زۆر بچووکین لەو ژیانەی کە هەیە. هەموو گیاندارێک حەقی هەیە و نابێت ئێمە بەو ناوەی کە مرۆڤ سەرتر لەهەموو گیاندارێکە (ئیستلاحی ئەشرەفی مەخلوقات)، دەست بە تالان و لە ناو بردنی باقیی گیاندارەکان بکەین.

جا ئێستا کاتێک مافی مرۆڤ بە مافی ئاژەڵ بەراورد دەکرێت هیچ مرۆڤێک مافی ئەوەی نییە پێناسەی ماف بۆ ئاژەڵ بکات چونکە هەموو شتە زیندووەکان بە مافی پێناسەکراو لەدایک دەبن. ئەوە دەربارەی «بەخشین» نییە بەڵکو «بەخشینەوە»یە. تەنانەت ئەگەر بشمانهەوێت ناتوانین هەموو ئەو مافەی کە لە ماوەی چەند هەزار ساڵ لە ئاژەڵەکانمان وەرگرتووە، بیبەخشینەوە.

بو نموونە بەپێی ئامارێکی فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ١ ملیۆن جۆری ئاژەڵ مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە و زۆربەی زۆری ئەم کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی مرۆڤ لە سروشت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی سندوقی سروشتیی جیهان (WWF) تا ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی لە سەدا ٦٦ی ژیانی ئاژەڵی کێوی لە هەسارەکەدا نامێنێت.

بەداخەوە فراوانبوونی چالاکییە مرۆڤییەکان و زیادبوونی پێویستیی مرۆڤ بە خۆراک و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، زیانێکی زۆری بە جۆرە بایۆلۆژییەکانی جیهان گەیاندوە .

هەروەها بێ توانایی ئاژەڵان بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ جۆرە ئاژەڵەکانی تر بۆ بەدەستهێنانی خۆراک و گۆڕانی کەشوهەوا، هۆکاری دیکەن کە ژیانی ئاژەڵەکان دەخەنە مەترسییەوە.

بابەتی ئاژەڵی کێوییش هەر لەو ڕوانگەیەوە دەبێ چاوی لێ بکرێت کە باسی مافی مروڤ و ژینگە دەکرێت. ئێمە هەموومان لە بازنەیەکداین بە ناوی زەوی و گۆڕانکاری لە ژیانی یەک گیاندار لەم سروشتەدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆی لە سەر ژیانی باقیی گیانداران هەیە.

ئەگەر بمانهەوێ لە شوێن ڕێگا چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیەوە بین، ئەوا دەبێت مامەڵەکردن بە ئاژەڵی کێوی بە تایبەت پێست و شاخی هێندێ ئاژەڵ کە زۆر بەربڵاوە لە ئینترنێتدا دەبێ ڕێگریی لێ بکرێت، تێپەڕاندنی یاسای زیاتر و قورستر، زیادکردنی پارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قاچاخچییەکان و بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان؛ یارمەتی دەدات تا لە ناو چوونی ئاژەڵی کێوی ڕاوەستێ یان خۆ کەمتر ببێتەوە.

لە ئێستای کوردستاندا هەرچەندە کە دەبینین ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و خەڵکی سیڤیل زۆر باش ئاگاداری دەدەن و ڕێگری لەوە دەکەن کە قاچاخچییەکانی ئاژەڵ بتوانن بە ڕاحەتی پیلانەکانیان بەرەوپێش بەرن، بەڵام بە هۆی بەربڵاویی جوغرافیایی کوردستان و نەبوونی سیستەمێکی بەڕیوبەریی دڵسۆز و تەرخان نەکردنی پارە، ئەوا ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ترسی لەناوچوونی ئاژەڵ زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

لێرەدا بێ ئەوەی خۆم بمهەوێ ناوی شەهید شەریفی باجوەر دێتە مێشکمەوە کە گوتی: لە دایک بوو چەکی سەوزمان! ئاسوودە بخەون کەڵەکان؛ ئاسوودە بخەون مروڤەکان، ئیتر چەکی سەوز پاسەوانمانە.

بەڕاستی ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان بیر لە ڕێبازی شەهید شەریف و هاوڕێ هەمیشە

زیندووەکانی بکەنەوە و هەر مروڤیکی کورد ببێت بە پاسەوانێک بو سروشت و ژینگەی کوردستان ئەوا هەم مرۆڤەکان و هەم ئاژەڵەکان و تەواوی سروشت بە ئاسوودەیی دەبن.

*بەرێز دوکتور سۆهرابی! بێگومان دیوتانە! ئێرانییەکان ماوەی دوو سێ ساڵە خەریکی پرۆژەیەکن، بۆخۆیان نێویان ناوە بیست چل لە زانکۆکانی ئامریکا چەند مامۆستایەکی ئێرانین دەیکەن. لە یەکێک لەو پرۆژانەدا وتارێک نووسراوە کە وتارەکە باس لەسەر ئەوە دەکات تەنیا لە چوار پارێزگا کە چوار پارێزگاکەی کوردستانن توانایی ئەوە هەیە یان سەرفەی ئەوە هەیە کە کشتوکاڵ هەبێت. ئێوە چەندە ئەو بابەتە تەئید دەکەن وەکوو توێژەرێک ئایا ئەوە وەکوو مەترسییەک لەسەر کوردستان دەبینن یان وەکوو کارتێک و وەکوو دەسەڵاتێک بۆ کوردستان دەیبینن؟*



ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت پێ فەرموو راستە، لەو مەقالەیەدا باسی ئەوە کراوە کە ئەو پارێزگایانە بە پێی ئەو ئایتێمانەی کە ئەوان ئەرزیابییان کردووە، وەزعیەتی ئەو چوار پارێزگایە بە نیسبەت پارێزگاکانی دیکەی ئێران باشترن. بەڵام نە بەهۆی ئەوەی کە چاکتر بەرێوە برداوە یان مودیرییەتێکی باشتری بۆ کراوە تاکوو ئێستا! لە ئەساسدا بە دەلیلی ئەو جوغرافیا خاسەی خۆی کە هەیەتی پارێزگاکانی رۆژهەڵات باشترن، دەنا خۆتان دەزانن کە ئێران لە راماڵینی خۆڵ یان فەرسایشی خۆڵ لە دنیادا پلەی یەکەمی هەیە، لە ئێرانیشدا پارێزگاکانی رۆژهەڵات، واتە ئەو پارێزگایانەی کوردستانن پلەی یەکەمیان هەیە، یانێ دەتوانین بڵێین کە کوردستان ساڵانە بە میانگین لە دەوروبەری هەر هێکتارێک زیاتر لە بیست تۆن خۆڵی لێ ڕادەماڵدرێت کە زۆر زۆرە و کێشەی گەورەتری لێ ساز دەبێت، بەڵام وەزعییەتی زەمینەکانی کشتوکاڵی لە پارێزگاکانی دیکەی ئێراندا ئەوەندە خراپ و سەقەت بەرێوە برداوە، ئەوەندە وەزعیەتێکی نالەباریان هەیە کە ئەو وەزعیەتەی کوردستان بە نیسبەت ئەوان باشترە، دەنا خۆی وەزعیەتەکەی کوردستان بە نسیبەت پێشتری خۆی لە پەنجا ساڵ پێشتر، چل ساڵ پێشتر، وەزعیەتی پارێزگاکانی کوردستان باشتر نەبووە و زۆر خراپتر بووە، بەڵام بە نیسبەت جێگاکانی دیکەی ئێران باشترە و دەکرێ کە پێشی قەیرانەکان بگیرێ و بەشێوەیەکی باشتر بەرێوە بچێت و تەئسیراتێکی باشتری هەبێت.

ئێستا دەبینین هەر ئەورۆ من خەبەرێکم بینی کە لە زرێوار ماسییەکی یەکجار زۆر مردوون کە دەگەرێتەوە بۆ پەدیدەیەک کە پێی دەڵێن (Eutrophication) کە ئەوە حاڵەتێکە لە کشتوکاڵدا کە لە کوود وەکوو کودی سپی و ڕەش یان بڵێین فۆسفات و نیترۆژێن ئیستفادە دەکرێت و ئەوانە کە لەگەڵ خۆڵ دەشوردرێتەوە (جا مەبەستم ئەو مەسەلەی ڕاماڵینی خۆڵە کە لە کوردستاندا زۆرە) ئەو خۆڵە کە دەشوردرێتەوە ئەو مەوادەی لەگەڵ خۆی دەباتە نێو ئاوی دەریاچەیەک یان گۆلێکی وەکوو زرێبار، لەوێدا بە مرور خردەبێتەوە دەتوانێت ئەو ئێکۆسیستەمە تووشی گۆڕین بکات و لە نەهایەتدا دەبینین کە ئۆکسیژێنی ئەوێ کەم دەکاتەوە و قەیرانی ژینگەیی لێ ساز دەبێت و مەسائێلی دیکە ساز دەکات. یان دەبینین کە لە زۆر شوێن ئەو جێگایانەی کە نابێ بکێڵدرێ یانێ شیبیان زۆرە، زیاتر لە ١٠٪ شیبیان هەیە ئەوانە کێڵدراون. لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بەپێی ئەوە کە شوێنێکی شاخاوییە دەبینین کە کێڵدراون و کێڵانەکەشیان لە جەهەتی شیبدا بووە، ئەوەیش بۆخۆی موشکلاتێکی دیکەی ساز کردووە، بەڵام لە کولییەتی خۆیدا، ڕۆژهەڵات لە باری پۆتانسیێلەوە پۆتانسیێلی

ئـــەوەی هەیە کە بتوانێ نەتەنها خۆی لە باری کشـــتوکاڵییەوە بەرێوەبەرێـــت، بەڵکوو لەباری کشتوکاڵییەوە دەتوانێ دەرامەدزایی یان بڵێین لە باری ئیقتسادیشـــەوە ســـەرچاوەی داهات بێت و بتوانێ شـــت هەناردە بکات بۆ زۆربەی وڵاتانی دونیاش. ئەو قابلییەت و پۆتانســـێلەی هەیە، بەڵام بە نیســـبەت مەسئەلەکەوە ئەگەر بـــە دیدێکی دیکە چاوی لـــێ بکەین لە باری سیاســـی – ئەمنییەتییـــەوە ئێمـــە دەبینین سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران زیاتـــرن. دەبینین کە وەزعیەتی کشتوکاڵیمان باشترە لە جێگاکان و شوێنەکانی دیکەی ئێران کە خەریکە موشـــکلیان بۆ پێش دێت. بۆخۆیان بـــاس لەوە دەکەن ٨٥٪ی ئەو جێگایانەی کە ئێســـتا موشکیلەی ئاویان هەیە کەمتر لە ٢٠ ســـاڵی ئایندەدا مەجبورن چوڵ بکرێن. کەواتا خۆی ئەو پۆتانسیێلەی کوردستان دەتوانێ مەترسییش بێ لەسەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا کە وەک پێشـــتریش ئاماژەم پێ کرد هەم قەیرانی مەسەلەی گۆڕینی دێمۆگرافی بێتـــە گـــۆڕێ هەم ئـــەوەی کە مەســـئەلەی نەتەوایەتییەکەمان بەپێی ئەو پۆتانسیێلەی کە ئێمە هەمانە و بەپێی ئـــەو وەزعیەتە خراپەی کە لە جێگاکانی دیکە هەیە تەئسیرگوزار بێت لەسەری. بیستوومە لە هەورامان خەڵکیان زۆر هێناوە نزیک سەدها ماڵی غەیری کورد هاتوون لە جێگاکانی دیکە وردە وردە بە شێوەیەکی زۆر ئارام خەریکن کە خەڵکانی دیکە لە کوردستان نیشـــتەجێ دەکەن، کە ئەوە دەتوانێ مەترسی بێت، بەڵام ئەگەر کوردســـتان لە سیستەمێکی ئازاددا بێ، وەکوو باســـی کرا کە لە حاڵەتێکی مافیادا بێتە دەرێ وەدەست مودیرییەتێکی باش بکەوێـــت کە بڵێین وەک کورد بەشـــێوەیەکی باش نـــە کوردێکی مافیایی، مەبەســـت لێرەدا با ئەوەش بڵێم مەبەســـتم دەوڵەتێکی خۆجێی کـــوردی تەنها ئەوە نییە کـــە هەر کورد بێ و هیچی دیکە، بەڵکـــوو دەبێ دەوڵەتێک بێ کە بەپێی عەقڵیەتێکی دروست وڵات بەرێوەبەرێت.

بەپێی هەمان ئەو گەشەی بەردەوام یا پایەدارە وڵات بەرێوەبەرێـــت و عەقڵیەتێـــک بێـــت کە زانســـتی بەســـەر جوغرافیاکەدا هەبێت تەوان و قابلییەتـــی ئێکۆلۆژیکی مەنتەقەکە بزانێت و پلانە ئێقتســـادییەکان و سیاسییەکانی کە لە مەنتەقەدا دایدەرێژدرێ، پلانێک بن هاوتەریب لەگەڵ ژینگە بن، ئەگـــەر ئەو حاڵەتە بێ ئەوە ئێمـــە پۆتانســـێلێکی زۆر زۆر باشـــمان هەیە دەتوانین کە لانی کەم لەباری کشـــتوکاڵییەوە ئێمـــە خەمێکی زۆرمان نەبـــێ کە بڵێین ئێمە ناتوانیـــن لـــە بـــاری کشـــتوکاڵییەوە خۆمان بەرێوەبەریـــن، بەڵکوو ئێمـــە دەتوانین وەکوو کاک دوکتـــور باقریش ئیشـــارەی پێ کرد، لە باری کانییەوە ئەمە کانی یەکجار زۆرمان هەیە کە دەوتوانێ دەرامەدزاییمان هەبێ، قابلیەت و پۆتانســـێلی یەکجار زۆرمان هەیە، مەسەلەی ئێکۆتۆریسممان هەیە کە دەتوانین ئیستفادەی لـــێ بکەین، بەڵام لەلایەکـــی دیکەوە هەر لەو حاڵەتەی کە لە ئێســـتادا هەیە. ئەو پۆتانسیێلە باشـــە من پێی نیگەرانم بەو دەلیلەی کە ئێمە پلانـــی رزگارییەکەمـــان پلانێکـــی زۆر قەوی نییە. ئەمن لە بەرنامەیەکی دیکەشـــدا باســـم کرد، کاتێک کە ئەتـــۆ دە ڕەقابەتدا هەیت، لە تەبیعەتدا ئەسڵێک هەیە ئەسڵی (Gause›s law) گەوســـی پێ دەڵێن. دەڵێن دوو گوونە کاتێک کە نیچێکی (Ecoloigical niche) موشابهیان هەیە دەکەونە ڕەقابـــەت دەگەڵ یەکتر ئەگەر مەنبەعـــەکان مەحدوود بن، یانـــی ئەگەر ئەو ســـەرچاوانە کەم بن، ڕەقابەت شکڵ دەگرێت و ئەو گوونەیەی کە ســـفەتێکی بەرتەری هەیە قابلیەتێکی باشتری هەیە، دەتوانێ ئەوی دیکە لـــە ڕقابەتەکە وەردە نێ، لایبـــەرێ و بۆخۆی لەوێ ئەو مەنابعە بەدەســـت بێنێ. جا هەمان شـــت لەســـەر کوردستانیشـــدا هەیە. ئێمە لە ڕقابەتدا هەین و ئەو ڕقابەتەی کە ئێمە هەمانە، بۆیە من هەســـت بە مەترسی دەکەم ئێمە ئەو تواناییەی کـــە لازم و پێویســـتە، نەمانتوانیوە کۆی بکەینـــەوە کە ببێتە ســـفەتێکی بەرتەر

که لەگــەڵ داگیرکەرەکەمان بەکاری بێنین و بتوانین وەلای بنین یا لانیکەم ئەو مەترسییانە کــەم بکەینەوە. یەکەم شــت ئەوەیە کە ئێمە بۆخۆمان لە نێــو خۆماندا موشــکلمان هەیە. تێڕوانینەکانمان زەعیفە و بە عەقڵییەتێکی باش ســەیری مەســایل ناکەین، کە بە باوەڕی من دەبێ گۆڕانکارییەکــی زۆر عەمیق لە بۆچوونە سیاســییەکانماندا بکەینــەوە و هەســت بەو مەترســییانەش بکەین. من لێرەوە ئیشارە بەوە دەکــەم کە ئەو حیزبە سیاســییە کوردییانەی کە فەعالییــەت دەکەن، موبــارزە دەکەن، لە نەهایەتــدا دەیانهــەوێ جوغرافیایــەک ڕزگار بکــەن و لەوێدا بە دەســەڵاتێک بگەن. ئەگەر ئــەو جوغرافیایە نابوود بێ یا دێمۆگرافییەکەی عــەوەز بکرێ، ئەو حیزبانە دواتر نازانم چ پلان و بەرنامەیەکیان هەیە و لە کوێ دەیانهەوێ بە دەسەڵاتداری بگەن؟

*تیشک کاک دوکتور ئاســۆ جەنابت لە فەرمایشــەکانتدا چەند جار ئاماژەتان بەوە کــرد کە پرســی ژینگە وەکوو پرســێکی نەتەوەیی دەبێ باسی لەسەر بکرێت و ببێتە بەشێکی گوتاری گەلانی خەباتمان. ئایا لە یاســای نێودەوڵەتیدا هیــچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان مافەکانی گەلانی بێ دەوڵەت و پرسی ژینگەدا؟*



پرســی ژینگــە وەک بابەتێکــی جیهانگیــری مرۆڤایەتی بێگومان پێوەنــدی و گرینگیــی زۆری بۆ گەلانی بــێ دەوڵەتیش هەیــە. بەتایبەتی کە بەپێی هەموو داتاکان گۆڕانکارییەکانی ژینگە و کەش و هەوا و ئەو زیانانەی کە دنیای مۆدێڕن بە سروشــتی دەگەیەنێ، پێــش هەمووان ئەو گرووپانــە دەکاتــە قوربانــی کــە گرووپــی پەراوێزخراون بەتایبەتی ئەو گەلە بێدەوڵەتانەی ناســنامە و هەرمانیــان بە خاک و سروشــتی خۆیــان بەســتراوەتەوە. لەلایەکــی دیکــەوە هێندێک چەمکی دنیای ئەمڕۆ کە بۆ پاراستنی ژینگە گرینگن، ڕاســتەوخۆ بۆ پاراســتنی ئەو گرووپ و گەلانەش بەســوود و پێویســتن. بۆ نموونە گەشەسەندنی پایەدار بۆخۆی بەرهەمی ئەو ڕەوتە نێونەتەوەییەیە کە بە وشــیاربوون لە پێویســتیی پاراســتنی ژینگــە لــە ئاســتی نێونەتەوەییــدا دەســتی پێ کــردووە. ئەگەر گەشەســەندنی پایــەدار بە مانای پاراســتنی یەکپارچەییی یەکە سروشتییەکان و پێشگیری لــە لەنێوچوونیــان، یەکلایەنــە نەبوونــی ســەرچاوەکانی بەرهەمهێنــان، دادپەروەری، گونجاندنــی ئابووری لەگەڵ پێویســتییەکانی گەشەسەندنی مرۆیی و پاراستنی ناسنامەکان و دەکارخســتنی هەموو قابلییەتە ئینسانییەکان بــێ، هەمووی ئەمانە بــە قازانجی گەلانی بێ دەوڵــەت و کەمایەتییەکانیــش تــەواو دەبێ. چونکە هیچکام لەوانە ناکرێن بەبێ ئەوەی لەو ڕکابەرییــە گلۆبالــەدا کــە هەمــوو گەلان و دەوڵەتانــی دنیــا لەپێشــیانە، چوارچێــوەی بەڕێوەبەری و ســەرچاوە مرۆییە لۆکالییەکان بەهێــز بکرێــن. کــۆی ئــەو بەرنامەڕێژی و لەبەرچاوگرتنەش یارمەتیمان دەکا کە هەم لە بەرانبــەر دەســەڵاتە نادادپــەروەر و ســەرکوتکارەکاندا و هەم لە بەرانبەر غەڵتەکی بەجیهانیبووندا چاکتر بەرگە بگرین و بۆ ئایندە باشــتر بەرەی خۆمان لە ئــاوێ دەربێنین. لە لایەکــی دیکەوە ئەو شــتانە بــۆ دینامیزمی نێوخۆییشــمان کە ئێستا کاک مەنسوور باسی کــرد بەکەڵکــن، واتە بــۆ دروســت کردنی بنیاتەکانی کۆمەڵگایەک کە لەودا دەسەڵات و قەوارەی سیاســی و حکوومەتی ڕەنگدانەوەی ئەمانەتداریــی خــودی کۆمەڵگاکەی بن؛ هەر چاومان لە فورموولی سیاســی و خۆدەرخستن بــەڕووی دەرەوەی خۆمانــدا نەبــێ، بەڵکــوو خۆســەلماندن و پارێزگاریمان لە کوردبوون بە ڕووی دەرەوەدا پێش هەموو شــتێک لەســەر ئاشتەوایی و دادپەروەریی نێوخۆیی و ڕەزایەت و بەختیاریی کۆمەڵگاکەمان بنیات بنێین.

ئێستا سەبارەت بە بنەما نێونەتەوەییەکانی پێوەندیی نێوان مافی گەلانی بێدەوڵەت و پرسی ژینگە کە پێویستیە بیانناسین و بەکاریان ببەین، ئەو بابەتە لە چەندین بەشی قانوونی نێودەوڵەتیدا باس دەکرێ. یەکەم، خودی قانوونی ژینگەیە. دووەم، مافی مرۆڤ و لەوێشدا مافی مرۆڤەکان بۆ ژیان لە ژینگەیەکی سالم و پایەدار و پارێزراودا. سێهەم، مافی گەلان کە ئەو هەقە بە هەر گەلێکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس دەدا کە تەمرینی سەروەری لەسەر سەرچاوە سروشتییەکانی خاکی خۆی بکا (ئەو مافە نەک تەنیا بۆ گەلی خاوەن دەوڵەت، بەڵکوو بۆ پێکهاتەکانی نێو فیدراسیۆنەکانیش بە هاوبەشی بەڕەسمی ناسراوە). چوارەم، قانوونی بەشەردۆستییە کە برییتیە لە مافی مرۆڤ لە کاتی شەڕدا، چ شەڕی نێوان دەوڵەتان و چ شەڕی نێوخۆیی. قانوونی بەشەردۆستییش لەسەر چوار ئەسڵ ڕاوەستاوە: پێویستیی مێتۆد و ئامرازەکانی شەڕ، نیسبییەتی ئەو مێتۆد و ئامرازانە، جیاکاری لەنێوان ئامانجە نیزامی و مەدەنییەکان‌دا و ئینساندۆستی. بەپێی قانوونی بەشەردۆستی لایەنەکانی شەڕ نابێ ژینگە وێران بکەن. پرۆتۆکۆلی یەکەمی کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییە نێودەوڵەتییەکان دەڵێ پێویستە مێتۆد و ئامرازەکانی شەڕ سنووردار بن و بەشێوەی ڕێژەیی کەڵکیان لێ وەربگیرێ. بەپێی هێندێک لە کۆنڤانسیۆن و پرۆتۆکۆلەکان بەتایبەتی پەیمانی «ئێنمۆد»، دەوڵەتان بۆیان نیە بەمەبەستی نیزامی ژینگە دەسکاری بکەن یان وەهای بەکار بەرن کە زیانی قەرەبوونەکراوی پێ بگا. لە پرۆتۆکۆلی دووەمی ژنێڤ سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوخۆییشدا گوتراوە کە دەوڵەتان نابێ زیان بەو سەرچاوە سروشتییانە بگەیەنن کە بۆ ژیان و بەقای خەڵک زەروورن. لەلایەکی دیکەوە، گۆڕین و تێکدانی ژینگەی گەلی قەلاچۆکراو وەک یەکێک لە توخمەکانی پێناسەی ژێنوساید سەیر دەکرێ.

پێنجەم و لە هەمووی گرینگتر بۆ پێوەندیی نێوان پرسی ژینگە و مافی گەلانی بێدەوڵەت، مافی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومییە. بەپێی هەموو ئەو پەیماننامانەی لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ئاستی ناوچەیی بەتایبەتی ئورووپادا سەبارەت بە مافی کەمایەتییەکان و گەلانی بوومی پەسند کراون، پێویستە دەوڵەتان لە پڕۆگرامە میللی واتە سەراسەری، و هەرێمییەکانی گەشەسەندندا، ئەو گەل و کەمایەتییانە بەشدار بکەن و ڕاوێژیان پێ بکەن هەتا بە هاوبەشی لەگەڵ وان و بەشێوەی پێشوەختە کاریگەریی ئەو پلان و پرۆژانە لەسەر ژینگە و ناسنامەی ئەوان هەڵبسەنگێندرێ و ئەولەوییەتەکانی خۆشیان لەبواری بەڕێوەبردن و سوودوەرگرتن لەو سەرچاوە سروشتییانەی لە ناوچەی ئەواندا هەڵکەوتوون، دیاری بکەن. مەسەلەیەکی دیکە کە پێم وابێ کاک سەلاحیش ئاماژەی پێ کرد شەفافیەت و مافی زانیاری لەبواری ژینگەدایە کە یەکێتیی ئورووپا زۆری کار لەسەر کردوە. کاک مەنسووریش ئیشارەی بە باش حکومڕانی کرد کە لێرەشدا زۆر دەق و سەرچاوەی حقووقی هەن کە ئەگەرچی زۆرتر لە چوارچێوەی ئورووپادا ئیعتباریان هەیە، بەڵام دەتوانن بۆ کەیسی گەلی ئێمە و بەگشتی لە ناوچەی ئێمەشدا بەسوود و ئیلهامبەخش بن.

**پەیڤ** *کاک سەلاح لە نێو قسەکانتاندا ئاماژەیەکتان بە هەمیشە زیندوو، شەهید شەریفی باجوەر کرد وێڕای ئەوەی کە پێم خۆشە بڵێم: «سەری ڕێز و نەوازش بۆ بەڕێزیان و شەهیدانی ژینگە دادەنەوێنم». دۆخی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی ئێستای کوردستان چۆن دەبینن، کە ئێستا لە ژێردەسەڵاتی ڕژیمدا کار دەکەن، ئەوان لە چ دۆخێکدان و کردەوەکانیان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟*



ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لێرەدا ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە هاوکاریکردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بە ژینگە و سروشت هەیە. لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا، ڕێکخراوەکان لە پێش بەرپرسانی حکومییەوە جوڵاونەتەوە و بەو هۆیەوە توانیویانە کە متمانەی گشتی بە دەست بهێنین و توانیوویانە ئەنجامی باشتریشیان ببێت.

لەڕاستیدا دەبوو دەزگاکانی حکوومەت ڕۆڵی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوە ژینگەپارێزانەیان وەک هەلێکی زێرین بەکار بهێنابا بۆ جێبەجێکردنی زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵگا و ژینگە، بەڵام بە داخەوە بە پێچەوانەوە لە زۆربەی ئەو کارانەی وا ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەی خۆبەخش دەیکەن، دەستێوەردان دەکرێت. زۆر جاریش دەبینین کە بەڕێوبەرانی ئەو ڕێکخراوانە هەڕەشەیان لێ دەکرێت یان زیندانی دەکرێن.

ئەگەر چاو لە ژمارەی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان بو نموونە لە پارێزگای سنە بکەین، ئەوا دەبینین کە لە دوای سالی ٨٩ دا ڕێگری لە دامەزراندنی ڕێکخراوی دیکە کراوە.


ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە حکوومەت وەکوو خۆی مافی فیلترکردن و سنووردار کردنی ڕێکخراوە کان بو خۆی بە پارێزراو داناوە و بە دوو بەری باش و یان سەر بە ڕەوییەی حکوومەت و بەری خەراپ یان ئەوانەی کە پاراستنی ژینگە بە ئەرکی خۆیان دەزانن تا ئەوەی کە بکەونە بازنەی هێزەکانی ناو کۆمەڵگا، دابەشیان دەکات.

حکوومەت زۆرجار لەم دەڵاقەیەوە هەوڵ بۆ لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوانە دەدات کە ئامانجیان ئاگادارکردن و ڕێکخستنی خەڵکە بو پارێزگاری لە سروشت و ژینگەیەکی جوانتر. هۆکاری ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە حکوومەت هەرجۆرە هەوڵدانێک بو بەڕێکخراو کردن و ئاگاداریی خەڵک وەکوو هەڕەشەیەک لە سەر دەسەڵاتی خۆی پێناسە دەکات.

بۆیە هێندێ جار خۆی دەس دەکات بە ڕێکخستنی هێندێ ڕێکخراوە بە ناوی ڕێکخراوەی ناحکومی و بۆ بەستنی دەنگی کۆمەڵگای مەدەنی و مانوڕدان بەئەوەی کە ئەوا ئیمە لە گەڵ هەموو ڕێکخراوەیەکین کە بەرژەوەندییەکانی سیستەمی دەسەڵاتدار قەبووڵ دەکات.

بۆیە ئەوە دەبینین و دەبیسین کە ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزەکان لە کوردستان و بە تایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا لە ژێر فشاریکی زۆردا کار و چالاکی دەکەن. هەر ئەم فشار و ڕێگرییەی حکوومەتە کە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی لاوانی ئازیز و دڵسۆزی ژینگەی کوردستان. بەڵام بە هەموو ئەو فشارانەی حکوومەتیشەوە، کارێکی زۆر گەورە کراوە لە لایەن ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی کوردستانەوە و ڕێگایش درێژەی هەیە.

**تیشک** *کاک دوکتور باقر وەکوو پرسیاری ئاخری میزگردەکەمان، پێم خۆشە پرسیارێکی سیاسیتان لێ بکەم، ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام باسی لەسەر ئەوە کردووە، کە فرۆشتنی گاز و کارەبا بە وڵاتانی ئەفغانستان، عێراق و تورکەمەنستان وەک کارتێکی دیپلۆماسی بەکار دێنێ و جۆرێک باس لەسەر دیپلۆماسیی وزە دەکا، ئایا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لە رووی ژێرخانەوە تواناییی ئەوەی هەیە کە دیپلۆماسیی وزە بەکار بێنێ و کارتێک بێت بۆی لە ناوچەکەدا؟*



هەروا کە ئاماژەم پێ کرد، ئەبێ بە نرخ و قیمەتی بەرهەمهێنانی یاکوو گۆڕانی ئەو وزەیە، ئێستا کە حکوومەتی ئێران لە گەمارۆدایە و ناتوانێ لە بازارەکانی جیهانیدا نەوت و گازایل و بەقەولی خۆیان موشتەقاتەکانی بفرۆشێت، دەبینین کە ئەو بەرهەمانە دێتەوە بۆ کەرتی دروست کردنی

کارەبا کەڵکی لێ وەردەگرێت یانی بە واتایەکی تر، نرخی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێراندا زۆر زۆر لەخوارێیە، ئەمە ڕاستییەکە. خزمەتت عەرز بکەم خاڵێکی تریش ئەوەیە کە هەروا کە ئاماژەم پێ کرد لە سەدا ٩٢ی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێراندا هی وێستگەکانی هەڵمییە. هەروا کە باسم کرد نەتەنها بەرق ئەنێرێ بۆ وڵاتێکی تر، بەڵکوو هەمزەمان خەریکە ئاویشیان بۆ دەنێرێ. ئەوە شتێکە کە زانایان بە ناوی ئاوی مەجازی باسی دەکەن، ئێستە ئەم دوو مەوردە کە خزمەتتانم عەرز کرد، با سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی کە ئەو باسە، باسێکی بە بڕوای من پسپۆڕیی من نییە، بەڵام من وەکوو بۆخۆم ئیزنی ئەوەم هەیە کە بیروڕای خۆمم بێ سەبارەت بەم شتە، باسێکی ژێئۆپۆلیتیکییە، ئێران نەتەنها کە کارەبا بۆ وڵاتانیتر دەنێرێ، بەڵکوو بەتایبەت لە وەرزەکانی تاوسان و زستاندا، ئەمە ئاماری ساڵی ٢٠١٨یە لە وەرزەکانی تاوسان و زستانی ساڵی ٢٠١٨دا تەنانەت خۆی پێویستی بەوە بوو کە کارەبا لە وڵاتانیترەوە بێنێ، ئەوەی کە هەر وەکوو جەنابت ئاماژەت پێ کرد لە ئازەربایجان و تورکمەنستان و ئەرمەنستانەوە کارەبا بۆ ئێران هاتووە. هەناردنی کارەبایش لە ئێرانەوە زۆرتر دەچێتە عێراق و ئەفغانستان و پاکستان و ئەرمەنستان و تورکییە، کە چاو لەم وڵاتانە دەکەین، بۆ هێنانی کارەبا و هەناردنی کارەبا، وڵاتێک کە زۆر سەرنجڕاکێشە ئەویش ئەرمەنستانە. ئەرمەنستان بۆ من بە گرینگی دەزانم و ئاماژەم پێ کرد، ئێمە لە ناوچەدا شەڕی هێژموونی ئێران و عەرەبستان و تورکییەمان هەیە، لێرە ئێران بە بابەتی وزە یاکوو ئاو تێت لێرە ئەو کایەی سیاسیی خۆی دەکات، ڕەنگە بۆچوونەکەی من، بۆچوونێکی ژیرانە نەبێت، من بەداخەوە یا جێگای خۆشحاڵییە سیاسەتم نەخوێندووە، ئەوەندە سەرم لە سیاسەت دەرناچێ، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو شتانەی کە من تیژ چاوی لێ دەکەم، بیروڕای من ئەوەیە کە نەتەنها بابەتی ئەو کارەبایە بەڵکوو بابەتی ڕۆباری

ئاراسیش لێرە دێتە گۆڕەوە. لەگەڵ ئەرمەنستانا ئەو نێوان خۆشییە ڕەنگە سەبارەت بەوە بێ کە ئەو هەمسەنگییە یاکوو ئەو تەرازێ کە ئێران دەیەوێ لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا دژی تورکییە بیبێت یاکوو بەحسی قەرەباغ و شتی وا لەبەرچاو بگرێ. بەتایبەت ئەوەی کە لانیکەم ١٣ ساڵە کە لەسەر پیس بوونی ئاوی ئاراس لە نێوان ئێران و ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا وتووێژ بووگە و ئەمەش ڕاستییە کە یەکێک لە سەرچاوەکانی پیس کردنی ڕۆباری ئاراس، وڵاتی ئەرمەنستانە، کە هەموو پاشماوە و ئەوانەی کە لە بابەتی کەرتی پیشەسازییەوە دەبێ، یەکڕاست دەیکاتە ناو ئەم ڕووبارەوە و ئێران تا ئێستا نەبووگە کە بەڕاستی دژی ئەرمەنستان هیچ سیاسەتێکی گرتبێتە بەر کە ئەم ئاوە بۆ ئەوەندە پیس دەبێ و لە ڕۆژنامەکان و چاپەمەنییەکانی ئێرانیشدا باسی ئەوە دەکرێ کە تەنانەت ئەو شوێنانە کە لە ئاوی ئاراس کەڵک وەردەگرن، نەخۆشینهایەکی وەکوو، شێرپەنجە لەوێدا زۆر زۆرە. بابەتێکی تر هەر دووبارە بگەڕێینەوە سەر ئاو، باسێکی ئاوە و بە تێروتەسەلی لەسەری باس کرا. خزمەتتان عەرز بکەم بابەتێک کە هەیە، ئاماژەی پێ نەکرا ئەویش بابەتی نێوان ئێران و ئەفغانستانە، گێرە و کێشەی هیرمەند ئەوە ناکۆکییەکە کە هێشتا کە هێشتاس حەل نەبووگە. من لەگەڵ کاک ئاسۆم، بیروڕای جنابیان زۆر بە جێگەیە، لە وڵاتانێکدا کە مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی هەیە، ئەو موشکڵانە زۆر بە ڕاحەتی حەل دەکرێ. من بیرەوەریی خۆم ئەو سەردەمەی کە لە ئەفغانستانا بووم، ئەوە بوو کە باسی ئەوە دەکرا بەڵگەم نەبینی، بەڵام وەکوو باسی ئەوە دەکرا کە حکوومەتی ئێران چەک ئەدات بە تاڵەبان کە دژی ئەو بەنداوە تازەیەی کە خەریکن لە نزیکی مەرزی ئێرانەوە دروستی دەکەن، هەڵسوکەوتی بێت و تەنانەت ئەو کەسانەی کە لەو پڕۆژەیەدا کاریان دەکرد دەیانڕفاندن و تەنانەت کارهایەکی تێرۆریستییان ئەنجام ئەدا.